**ب/ راپۆرتی لیژنه**

لیژنەی نـاوخۆ كۆبوونـەوەی خـۆی سـازدا لـە رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2010/4/6 سـەعات (11,30) سەبارەت بە پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، كە ئاراسـتەی لیژنەكـەمان كـرا بوو لە لایەن بەرێزتانەوە بەنووسراوی ژمارە (211) لە رێكەوتی 2009/12/30، لە كۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەكـەمان لـە رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2010/4/12، دوای خوێندنـەوەی یەكـە یەكـەی ماددەكـانی پرۆژە یاساكە، بۆ جاری دووەم و ئاڵوگۆڕ كردنی بیرو ڕاو وتووێژی فراوان، راو پێشـنیاری لیژنەكـەمان بـەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە روو:

1- لیژنە سەبارەت بە گرنگی بابەتەكە، پشتگیری پرۆژە یاسایەكە دەكات.

2- لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەر ماددەكانی یەك و دوو و سێ و چوار نییە.

3- سەبارەت بە ماددەی پێنج، لیژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیە بێت:

(هیچ لایەنێكی حزبی بۆی نییە زیندانی هەبێت، یان كەسێكی دیاری كراو بە پاساوی یاسایی، یان ئاسایشی ئـەمنی دەسـتگیر بكـات، ئەگـەر دەسـتگیری كـرد، ئـەو كەسـە مـافی قـەرەبوو كردنـەوەی هەیـە، ئـەو كـەس و لایەنەش بەرپرسیار دەبن بەرامبەر بە یاساو قەرەبوو كردنەوەكەشی دەكەوێتە ئەستۆی حكومەت).

4- سەبارەت بە ماددەی شەش، لیژنە پێشنیار دەكات بەم شێوەیە بێت:

(رێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ كردنی ئـەم یاسـایە كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیـران دەبێـت، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن). لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش راپۆرتەكەمان رەوانەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە بەنووسراوی ژمارە (55) لـە 2010/9/20 بەم شێوەیەی خوارەوە:

لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری، كۆنووسی ژمارە (27)، رێكەوتی 2010/9/20

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی كاروبـاری پەرلـەمان ژمـارە 211 لـە 2009/12/30 دەربـارەی رەئـی لیژنەمان لەسەر پرۆژە یاسای قـەرەبوو كردنـەوەی راگیراوانـی بـێ پاسـاوی یاسـایی، لیژنەكـەمان بـە ئامـادە بوونی گشت ئەندامانی كۆبوونەوەی (27)ی خۆی ئەنجامدا، لە بەرواری 2010/9/20 و، دوای لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای ناوبراو، لیژنەكەمان گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

1-لیژنەكەمان دەڤاودەق پشتگیری لە بیرۆكەی قەرەبوو كردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی دەكـات بـە مەبەستی پاراستنی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا.

2- ئەو زانیارییە بەرایییانەی کە لەلای لیژنەی داراییە، ئـەم دۆخـە پێشـتر لـە یاسـای شارسـتانیدا چارەسـەر کراوە، هەروەها راپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی ئاماژەی بەو دۆخە داوە.

3- ئەگەر سەلمێنرا کەوا مافی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی پێشتر بە یاسا چارەسـەر نـەکراوە، ئـەوە لیژنـەی دارایی پشتگیری دەکات لە هەر پرۆژە یاسایەك بۆ قەرەبوو کردنـەوەی راگیراوانـی بـەبێ هـیچ بەهانەیـەکی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێزان، دیارە لە راپۆرتەکان، هی یاسایی و ناوخۆ و دارایی، کە رەئـی جیـاواز هەیـە، لە هەمان کاتدا ئەو پرۆژەیە زۆر زۆر گرنگەو ئیختـیلاف لـە بۆچـوونی لیژنـەی دارایـی و نـاوخۆ هەیـە، وە ئەمەش پەیوەندی بە گشت تاکێکی ئەم هەرێمەوە هەیە، ئێمە دەمانەوێ لە هەرێمی کوردستان مرۆڤ ئـازاد بێت، زوڵمـی لێ نـەکرێت، لـە پرۆژەکـەش بەڕاسـتی ئـەو حەقـەی بـە جوانی ورد نەکردووەتـەوە، ئیحتمالـە لەگەڵ هەندێك بابەتی یاسایی تەناقوزات هەبێت، باس لـە زینـدانی سیاسـی دەکـات لـەناو کوردسـتان، هـیچ دادگایەکی ئێمە بەناوی سیاسەتەوە کەس موجازات ناکات، ئێمە ئیحترامەمان بۆ ڕەئی ئەو خوشـك و برایانـە هەیە و تەعبیر لە رەئیان دەکات جێی ئیحترامە، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی بە گرنگمان زانی ئەم پرۆژەیـە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نـاوخۆ و لیژنـەی دارایـی ڕاپـۆرتێکی موشـتەرەکیان هەبێت، وەزیاتر دیراسەتی بکەن بۆ ئەوەی مەعارز نەبێت لەگەڵ قانونەکان، ئینجا ئێمـە ئەمـە دەخەینـە بەر دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ ئـەوە پێشـنیاری سـەرۆکایەتیە، حەزدەکـەن دەنگـی بۆ مەدەن، ئەگەر دەنگی بۆ نادەن، ئەوا دەنگی بۆ مەدەن، ئەگەر دەنگی بۆ دەدەن بۆ ئەوەی لیژنەکان زیاتر دابنیشن، باشتر دەوڵەمەندی بکەن، باشتر وردی بکەنەوە، بۆ ئەوەی شتێك بێت تاکی ئەم هەرێمە زوڵمـی لێ نەکرێت، زۆر سوپاس، رجائەن لە وەختی تەسویت نیزامی نیـە، ئـیتر لـەم دەقیقەیـەوە هـیچ کاتێـك لـە لـە وەختی تەسویت. نیزامی نیە، کێ لەگەڵە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ بڕیـار درا ئـەو پرۆژەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ لیژنـەکان دووبـارە، ئێسـتا بـۆ خـاڵی 2 ی بەرنامـەی کـار، رجائـەن ئەمـە پەرلەمانە ئیحترامم بۆ گشتتان هەیە، ئسولێك هەیە ئیلتیـزام بـە نیزامەکە دەکەینـەوە، بـەڕێزان لیژنـەی مافی مرۆڤیش ئەو ڕاپۆرتەی ئاراستە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش دیراسەی بکەن، زۆر سـوپاس، ئێسـتا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ و کۆمەڵگای مەدەنی کەرەمکەن فەموون بۆ ئێـرە، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان)

بەڕێزان دوو پرۆژە پێشکەش کراوە، هەردوو پررۆژە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەوە پرۆژەی یەکەمە:

ئێستا پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.

## مشروع قانون تنظيم المظاهرات والاجتماعات العامة

المادە الاولى:

يقصد بالكلمات والعبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المذكورة ازاءها:

الوزير: وزير داخلية اقليم كوردستان.

رئيس الوحدة الادارية: المحافظ ـ القائمقام ـ مدير الناحية.

الاجتماع العام: التجمع الذي يتم تنظيمه لتحقيق غرض معين ذي طابع عام.

المظاهرة: جمع منظم أو شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع والاماكن العامة يهدف الى خلق راي عام موحد لتحقيق غرض معين.

الجهة المعينة: الجهة ذات العلاقة المباشرة بمطالب المتظاهرين او المجتمعين.

المادة الثانية:

1ـ للوزير سلطة اجازة الاجتماع العام أو المظاهرة.

2ـ للوزير تخويل جميع او بعض الصلاحيات الممنوحة له وفق هذا القانون لرؤساء الوحدات الادارية كل ضمن وحدته الادارية بامر وزاري.

3ـ لايجوز تنظيم الاجتماع العام او المظاهرة الا بعد تقديم طلب الى الوزير او من يخوله واستحصال الموافقة التحريرية.

4ـ للوزير او من يخوله ان يرفض طلب تنظيم الاجتماع العام او القيام بالمظاهرة اذا تحقق لديه بانها سوف تخل بالنظام والاداب العامة ويتم ابلاغ الطلب بالمنع تحريريا.

5ـ للجنة تنظيم الاجتماع العام والمظاهرة الاعتراض على قرار الوزير او من يخوله بالمنع لدى محكمة استئناف المنطقة المختصة خلال ثلاثة ايام من تاريخ التبليغ ويكون قرارها باتا.

6ـ يستثنى من حصول الموافقة خروج الناس افرادا او جماعات الى الميادين والشوارع والاماكن العامة في المناسبات الوطنية والقومية والدينية طبقا للاعراف المحلية السائدة وللاغراض اعلاه فقط.

المادة الثالثة:

1ـ يقدم طلب تنظيم الاجتماع العام او المظاهرة من قبل لجنة تمثلهم لا تقل عن ثلاثة اشخاص متمتعين بالاهلية القانونية قبل الموعد المعين لاجراءها بثمانية واربعين ساعة على الاقل على ان يرعى في ذلك أيام العطل الرسمية.

2- ان يتضمن الطلب اسماء وعناوين وتواقيع اللجنة المشرفة على تنظيم الاجتماع العام أو المظاهرة وبيان الغاية منها وتحديد مسارها والزمان والمكان المحددين.

3- اذا لم يتم الرد على الطلب المقدم من قبل اللجنة المشار اليها فى الفقرة الاولى من هذه المادة بعد انقضاء ثمانية واربعين ساعة من تاريخ التقديم تعتبر ذلك موافقة على تنظيم الاجتماع العام او المظاهرة.

المادة الرابعة:

1- للاحزاب السياسية والمنظمات الجماهيرية والنقابات والاتحادات والجمعيات وغيرها من التنظيمات المجازة قانونا وللافراد القيام بالمظاهرات وتنفيذ الاجتماعات العامة بعد استحصال الموافقة التحريرية.

2- على قوى الامن الداخلى الاهتمام بحماية المتظاهرين او المجتمعين.

3- على الجهات المعنية الاستماع الى مطالب المتظاهرين او المجتمعين لايجاد الحلول المناسبة لها.

المادة الخامسة:

على الوزير او من يخوله اصدار الاوامر باتخاذ جميع الاجراءات الضرورية للمحافظة على النظام والاداب العامة وحماية الاشخاص والاموال العامة والخاصة اثناء تنظيم الاجتماع العام او المظاهرة.

المادة السادسة:

1- يمنع منعا باتا حمل او حيازة اي سلاح او مواد متفجرة او سامة أو حارقة من قبل المشاركين اثناء تنظيم الاجتماع العام أو المظاهرة.

2- على قوى الامن الداخلى منع اي شخص يحمل سلاحا ظاهرا او خفيا او اية الة جارحة او المواد المشار اليها فى الفقرة الاولى من هذه المادة الدخول الى مكان تنظيم الاجتماع العام او المظاهرة ولها حق اتخاذ الاجراءات القانونية بحقه.

المادة السابعة:

1- لايجوز ان يستمر الاجتماع العام او المظاهرة الى ما بعد غروب الشمس او الوقت المحدد لها.

2- للوزير او من يخوله ان يأمر بتفريق المظاهرة او الاجتماع العام فى حالة خروجهما عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لهما.

المادة الثامنة:

اذا وجدت قوى الامن الداخلى صعوبة فى تفريق المجتمعين او المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها اتخاذ الاجراءات التالية:

1- الرش بخراطيم المياه بحسب الاحوال.

2- استعمال المواد المسيلة للدموع او الوسائل الخاصة الاخرى ذات الطابع المدنى بتفريق المظاهرات والاجتماعات العامة.

3- القبض على مثيري الشغب اثناء الاجتماع العام او المظاهرة واتخاذ الاجراءات القانونية بحقهم.

المادة التاسعة:

للمصالح العامة والخاصة من الاضرار والاخذ بنظر الاعتبار المبادىء الدستورية فى اقليم كوردستان والمبادىء و القواعد الدولية ذات الصلة بحقوق الانسان تم اصدار هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ کەرەمکەن، کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسای دووەم کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئیمزا کراوە:

## پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان

ماددەی یەکەم: ئەم زاراوانەی خوارەوە لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا بێت مەبەست لە واتاکانی بەرامبەریانە:

1. ئەنجومەن: ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕی هەڵبژێردراو (ئەنجومەنی پارێزگا ـ ئەنجومەنی شارەوانی ـ ئەنجومەنی شارەوانی ناحیە).

2ـ خۆپیشاندان/ چالاکیەکی مەدەنیە و لەلایەن کەسایەتیە مەعنەوی و سروشتیەکانی نیشتەجێی هەرێمەوە لە شوێنە گشتیەکانی هەرێم ڕێك دەخرێت بە مەبەستی دروست کردنی ڕایەکی گشتی و بەدیهێنانی داخوازیەکی دیاری کراو، کە ئەم شێوازانە دەگرێتەوە، خۆپیشاندان ـ خۆپیشاندانی لەناکاو ـ مانگرتن ـ ڕێپێوان.

3ـ خۆپیشاندانی لەناکاو پەرچەکردارێکی خێرایە و ڕێکخستنی پێش وەختی بۆ نەکراوە و بەرامبەر بارودۆخێکی نائاسایی و کتوپڕ دێتە کایەوە و کە بواری ئاگادار کردنەوەی ئەنجومەنی تێدا نیە و پراوە کردنی کردەیکی سورشتیە و ئاساییە.

4ـ ئاگادار کردنەوە/ ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی یەکەی کارگێری هەڵبژێردراو لەلایەن ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەوە بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بە ئامانجی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران.

ماددەی دووەم:

1ـ خۆپیشاندان مافێکی سروشتی و دەستووریە ئەنجومەن مافی ئەوەی نیە ڕێگە لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بگرێت.

2. هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەلایەنی پەیوەندارەوە دەگرێتە بەر نابێت ڕێگر بن لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستەکانی خۆپیشاندانەکەدا.

3ـ لەکاتی ڕوودانی خۆپیشاندانی لەناکاو دا پێویستە لایەنی پەیوەندار ڕێ و شوێنی مەدەنیانەی لەبەرامبەردا بگرێتە بەر

ماددەی سێیەم:

1- ڕێکخەرانی خۆپیشاندان لە کەسانی سروشتی و مەعنەوی پێک دێن و نابێت ژمارەشیان لە سێ کەس کەمتر بێت.

2- ڕێکخەرانی خۆپیشاندان لایەنی کەم بە 48 کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لە ڕێگەی ئاگاداری نامەیەکەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش دەکرێت ئەنجومەن ئاگادار دەکەنەوە، پێویستە ئاگاداری نامەکە ئەم زانیاریانەی خوارەوەی لەخۆ گرتبێت:

أ - کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە.

ب - ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندانەکە.

ج - ژمارەی بەشدار بووانی خەملێنراوی خۆپیشاندانەکە.

د - ناو و واژووی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە کە نابێت لە سێ کەس کەمتر بێت، یا نووسراوێکی فەرمی کە ئەو کەسایەتیە مەعنەویە خۆپیشاندانەکە ڕێك دەخات.

هـ - هەر سەرنج و تێبینیەکی تری پێویست.

3 - ئەگەر ئەنجومەن بە پاساوی دروستی بەڵگەدار و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دا بە باشی زانی کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێت ئەوا پێویستە بە نووسراوی ڕەسمی ئاگاداری ڕێکخرانی خۆپیشاندانەکە بکاتەوە و ماوەی وەڵامدانەوەکەشی لە 24 کاتژمێر بەر لە دەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت، ئەگەر نا ئەوا خۆپیشاندانەکە لەڕووی کات و شوێنەوە شیاو و گونجاوە.

4- ئەنجومەن تەنها یەك جار مافی ئەوەی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت.

5- ڕێکخەرانی خۆپیشاندان مافی دانوستانیان لەبارەی کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەوە لەگەڵ ئەنجومەندا هەیە، ئەگەر ئەمەی دوایی پێشنیاری گۆڕینی کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەی کرد.

ماددەی چوارەم:

پێویستە بەر لە دەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکە ئەنجومەن هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەمی گشتی و پاراستنی خۆ پیشاندان و ماڵ و سامانی گشتی و تایبەتی.

ماددەی پێنجەم:

1- دەبێت ڕێکخەرانی خۆپیشاندان کە ئاگاداری ئەنجومەن دەکەنەوە کەسانی نوێنەر بن.

2- ئەو ئاگاداری نامەیەی بۆ ئەنجدامدانی خۆپیشاندان پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێت دەبێت لەڕێگەی نوێنەرانی ئاماژە بۆ کراوی بڕگەی 1 ی ئەم ماددەیە بێت.

ماددەی شەشەم:

پێویستە تەنها پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان ئامادەی خۆپیشاندانەکان بن و لەلای خۆیانەوە لیژنەیەکی سێ کەسی پێك بهێنن بۆ پەیوەندی گرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ لیژنەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەدا.

**ماددەی حەوتەم:**

**1ـ پۆلیسی چالاکی مەدەنی بەرپرسن لە پاراستنی گیان و سەلامەتی خۆپیشاندەران.**

**2ـ لە کاتی دروست بوونی پشێوی دا پۆلیسی چالاکی مەدەنی دەتوانێ ئەم شێوانە بگرێتە بەر:**

**ئاو ڕشاندن، بەکارهێنانی قەڵغان بۆ خۆ پاراستن، دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی لە شوێنی خۆپیشاندانەکە پشێوی دەنێنەوە تا کۆتایی خۆ پیشاندانەکە.**

**ماددەی هەشتەم:**

**لەکاتی خۆپیشاندان دا هەڵگرتنی هەموو جۆرە چەکێك یان ماددەی تەقینەوە و ژەهراوی یان سوتێنەر قەدەغەیە.**

**ماددەی نۆیەم:**

**هەر کارێکی تاوان ئامێز یان ئاژاوەگێڕی کە لە ناو خۆپیشاندانەکە ڕوو بدات بەرپرسیاریەتێکی کەسیە و تەنها ئەنجامدەرەکەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە.**

**ماددەی دەیەم:**

**لەکاتی بەکارهێنانی توندوتیژی هێز یان زیان گەیاندن بە کەس و موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی لەناو خۆپیشاندانەکەدا کەسی سەرپێچی کەر بە پێی یاسای سزاکانی کارپێکرا و سزا دەدرێت.**

**ماددەی یازدەم:**

**1ـ ئەگەر پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان لە میانەی مامەڵە کردنیان لەگەڵ خۆپیشاندەران دا سنووری یاسایی دەسەڵاتیان بەزاند، ئەوا بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی یاسایی دەبنەوە.**

**2. پێویستە سەرجەم ئەندامانی چالاکیە مەدەنیەکان باجی تایبەت بە سنگیانەوە بێت، کە تێیدا ناویان و ژمارەی تایبەت و بنکەکانیان بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون لەسەری نووسرابێ، بۆ ناسینەوەیان لەکاتی ئەنجامدانی پێشێلکاریدا،**

**3- دەبێت وەزارەتی ناوخۆ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو زیان لێکەوتووانە بکاتەوە، کە پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان لەدەرەوەی سنووری ئەرکی پێسپێردراویان ئەنجامیان داوە، ئەمەش بەپێی بڕیارێك جێبەجێ دەکرێت، کە لەدادگاوە دەردەچێت.**

**ماددەی 12:**

**پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**ماددەی 13:**

**ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی تکایە ڕای لیژنەکەتان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية حول مشروع قانون تنظيم المظاهرات و الاجتماعات العامة في اقليم كوردستان - العراق**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاحد31/خەرمانان/2710 كوردي المصادف ليوم 22/ 8/2010 الميلادية لدراسة مشروع قانون تنظيم المظاهرات و الاجتماعات العامة في اقليم كوردستان - العراق وقدم مشروعان بهذا الصدد من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة ( 10 ) في 17 / 11 / 2009 و بعد الدراسة و المناقشة تقدم اللجنة مقترحاتها بهذا الشكل :**

**اولا: نظرا لتقديم مشروعين بخصوص موضوع تنظيم المظاهرات و الاجتماعات العامة نرى ان يتم توحيدهما و اعداد تقريرنا على هذا الاساس .**

**ثانيا: تقترح اللجنة تبديل اسم القانون بـ( قانون تنظيم المظاهرات و التجمعات العامة في اقليم كوردستان – العراق ) .**

**ثالثا: تقترح اللجنة بالاغلبية الصياغة التالية لمشروع القانون ليكون بديلا عن المشروعين و ليكون اساسا للمناقشة :**

**رابعا: المادة الاولى : يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:**

1- **الوزير**: وزير داخلية اقليم كوردستان .

2- **رئيس الوحدة الادارية**: المحافظ – القائمقام – مدير الناحية .

3- **المظاهرة**: تظاهر الناس او جماعة منها او مسيرتهم بشكل منظم او شبه منظم و سلمي في الميادين و الشوارع و الاماكن العامة او بالقرب منها لوقت معين بهدف تحقيق غرض معين .

4- **التجمع العام**: التجمع الذي يتم تنظيمه لتحقيق غرض معين ذي طابع عام في مكان معين و لوقت معين .

5- **اللجنة**: اللجنة المنظمة للمظاهرة او التجمع العام و تتكون من ثلاثة اشخاص يتمتعون بالاهلية القانونية و يتولون ادارة و تنظيم المظاهرة او التجمع العام .

6- **الجهة المعنية**: الجهة ذات العلاقة المباشرة بمطالب المتظاهرين او المتجمعين.

**خامسا: المادة الثانية :**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە 31 / خەرمانان / 2710 ی کوردی بەرامبەربە 22/ 8 / 2010 زایینی کۆبووە بۆ تاوتوێ کردنی دوو پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (10) ی ڕۆژی 17/11/ 2009دا ئاڕاستەی لێژنەکەمان کرا . دوای گفتوگۆکردن ، لیژنە پێشنیازەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات :

**یەکەم:** هەروەکو ئاماژەم پێکرد دوو پرۆژە یاسا بوو، وا ڕێککەوتین لە لیژنەی کاروباری یاسایی، کە هەردوو پرۆژە یەك بخەین و بەیەك پرۆژە دووبارە دایبڕێژینەوە، هەر لەسەرەتای ناوی پرۆژەکە تاکو مادده کۆتاییەکان و هۆکاری دەرکردنی یاساکە،

**دووەم:** لیژنە پێشنیاز دەکات ناوی یاساکە بگۆڕدرێ بە ( یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) .

**سێیەم:** لێژنە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاز دەکات بەم جۆرە پرۆژە یاساکە دابرێژرێ تاکو ببێتە بەدیلی هەردوو پرۆژەکە و ببێتە بنەمای وتووێژکردن .

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەم زاراوە و دەربڕینانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

1- **وەزیر**: وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .

2- **سەرۆکی یەکەی کارگێڕی**: پارێزگار – قایمقام – بەڕێوەبەری ناحیە .

3- **خۆپیشاندان**: خوپیشاندانی خەڵك یا کۆمەڵێك یا ڕێڕۆشتنیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك یا نیمچە ڕێك و پێك و بە ئاشتیانە لە مەیدانەکان و شەقام و شوێنە گشتیەکان یا نزیك لەوانە بۆ کاتێکی دیاریکراو بە ئامانجی هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو .

4- **کۆبوونەوی گشتی**: ئەو کۆبوونەوەیە کە ڕێکدەخرێ بۆ هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو کە مۆرکێکی گشتی هەبێ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو .

5- **لیژنە** : لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان یان کۆبوونەوە گشتیەکەیە و لە سێ کەس پێك دێ کە شیاوی یاساییان هەبێ و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە یان کۆبوونەوە گشتیەکە لە ئەستۆ دەگرن .

6- **لایەنی پەیوەندیدار**: ئەو لایەنەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران و کۆبووان.

**پێنجەم: ماددەی دووەم :**

یەکەم: وەزیر یاخود سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەسەلاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەموو یا هەندێك لە دەسەڵاتەکانی کە پێیدراوە بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە بدات بە سەرۆکەکانی یەکە کارگێڕییەکان هەریەکەیان لە ناو یەکە کارگێڕییەکەی خۆیدا ، ئەمەش بە فەرمانێکی وەزاری دەبێ .

سێیەم: خوپیشاندان مافێکی سروشتی و دەستوریە و دوای پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و وەرگرتنی ڕەزامەندی بە نووسین ڕێکدەخرێ .

چوارەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان رەت بکاتەوە ئەگەر بۆی ساغ بووەوە کە زیان بە سیستم و ئاکاری گشتی دەگەیەنێ و پێڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەکەش بە نووسین دەبێت .

پێنجەم: لیژنە بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوە بگرێ لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی سێ ڕۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندن و دادگاش پێوستە لە ماوەی ( 48 ) کاتژمێر تانەکە یەکلابکاتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوەیە .

**شەشەم: ماددەی سێیەم :**

یەکەم: داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان بە لایەنی کەم ( 48 ) کاتژمێر پێش وادەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی لە لایەن لێژنەوە پێشکەش دەکرێ بە مەرجێك ڕەچاوی ڕۆژانی پشووی فەرمی بکرێ .

دووەم: پێوستە داواکارییەکە ناو وناونیشان و واژووەکانی ئەندامانی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکەی تێدابێت لەگەڵ مەبەست و دەستنیشانکردنی ڕێڕۆشتنەکەی و کات و شوێنە دیاریکراوەکە.

سێیەم: کاتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکەی کە پێشکەشکراوە لەلایەن لێژنەی سەرپەرشتیارەوە دوای تێپەڕبوونی ( 48 ) کاتژمێر لە مێژووی پێشکەشکردنی داواکارییەکە ئەمە بە ڕەزامەندی لەسەر ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە دادەنرێ .

**حەوتەم: ماددەی چوارەم:**

یەکەم: هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سەندیکاکانی پیشەیی و یەکێتیەکان و کۆمەڵەکان و هی تر لە ڕێکخراوە موڵەتدراوەکان ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە ، ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بە نووسراو دەبێت .

دووەم: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ گرنگی دان بە پاراستنی خۆپیشاندان یان کۆبووان دەگرنە ئەستۆ.

سێیەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان گوێ لە داخوازیەکانی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەکان بگرن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو .

**هەشتەم: ماددەی پێنجەم:**

حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکاکان و یەکیتییەکان و کۆمەڵەکان و هی تر لە ڕێکخراوە مۆڵەتدراوەکان لە ڕووی یاساییەوە و هەروەها کەسەکانیش مافی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتیان هەیە دوای ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی یەکەی تایبەتمەندی کارگێڕیەوە .

**نۆیەم: ماددەی شەشەم:**

نابێ کەس بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی ناچار بکرێ بۆ هەر هۆیەك بێت.

**دەیەم: ماددەی حەوتەم:**

پێویستە وەزیر یان سەرۆکی کارگێری هەموو ڕێکارێکی یاسایی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی سیستم و ئاکاری گشتی و پاراستنی کەسەکان وماڵی گشتی و تایبەتی لە کاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی دا .

**یازدەم: ماددەی هەشتەم :**

یەکەم: هەڵگرتنی چەك و هەبوونی تەقەمەنی یا چەکی ژەهراوی یان سووتێنەر لەلای بەشداربووان بە تەواوی قەدەغە دەکرێن لە کاتی خۆپیشاندانەکە یا ڕێڕۆیشتنەکەدا تەنانەت ئەگەر بۆ هەڵگرتنیان مۆڵەتی یاساییشیان هەبێ.

دووەم: پێوستە لەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕێگە لە هەر کەسێك بگرن کە چەك بە ئاشکرا و شاردراوە یان هەر ئامێرێکی بریندارکەر کە لە برگەی ( یەکەم ) ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆ کراوە هەڵگرێ و بچێتە شوێنی ڕێکخستنی کۆبوونەوی گشتی یان خۆپیشاندان ، و مافی ئەوەیان هەیە کە هەر ڕێکارێکی یاسایی بەرامبەریان بگرنە بەر .

**دوازدەم: ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: نابێت کۆبوونەوی گشتی یان خۆپیشاندانەکە تا دوای ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە بەردەوام بێت.

دووەم: وەزیر یان ئەوەی دەسەلاَتی پێدەدات بۆی هەیە فەرمان بدات بە بلاَوپێکردنی خۆپیشاندانەکە یاخود کۆبوونەوە گشتیەکە لە حاڵەتێکدا کە لە چوارچێوەی گشتی مەبەستەکەی یاخود کاتی دیاریکراو دەرچوون.

**سێزدەیەم: ماددەی دەیەم:**

ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەستیان بە زەحمەتیەك کرد لە بلاَوپێکردنی کۆبوونەوەکان یان خۆپیشاندەران هەرچەندە داوایان لێکرا و سووربوون لەسەر ئەو کارەیان ، ئەوا بۆیان هەیە ئەم ڕێکارانە وەرگرن:

1- بەکارهێنانی ئاوڕشاندن بەپێ ی حاڵەتەکان.

2- بەکارهێنانی ماددەی فرمێسك ڕژێن یان هۆی تایبەتی دیکە کە شێوەیەکی مەدەنی هەبێ لە بارەی بلاّوپێکردنی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی.

3- گرتنی ئەوانەی ئاژاوە دەخولقێنن لە کاتی کۆبوونەوە گشتیەکە یان خۆپیشاندانەکە و هەموو ڕێکارێکی یاسایی لەبارەیانەوە وەرگرێ.

**چواردەم: ماددەی یازدەم:**

ئەگەر لە کاتی کۆبوونەوی گشتی یان خۆپیشاندان زیان بە ئاسایش یان سیستم و ئاکاری گشتی گەیشت و هەروەها زیان بە خەڵکی یان ماڵی گشتی یان تایبەتی گەیشت و خۆپیشاندانەکە یان کۆبوونەوە گشتیەکە بەکاری ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن لە ئامانجی خۆی دەرچوو ، ئەو کاتە ئەوانەی داوای ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتیەکان یان خۆپیشاندانەکەیان کردووە بەرپرسیارێتی تەواوی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ بە دەستەبەر و بە تێکڕایی لەگەڵ ئەوانەی دەبنە هۆی بەرپاکردنی زیانەکان بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەی لەوەوە دەکەونەوە و هەموو ڕێکارێکی یاساییان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان لەبارەوە وەردەگیرێ.

**پازدەم: ماددەی دوازدەیەم:**

1- هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات سزا دەدرێ بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێ یاخود بە غەرامەیەك لە پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ یان بە هەردوو سزاکان.

2- لە حاڵەتی بەکارهێنانی توند و تیژی یان هێز یان زیان گەیان بە کەسەکان یان ماڵی گشتی یان تایبەتی لەلایەن بەشداربوان لە کۆبوونەوە گشتیەکە یان لە خۆپیشاندانەکەدا، سەرپێچیکەر بەپێی ( یاسای سزاکان ) ی کارپێکراو بە پێی حاڵەتەکان سزا دەدرێ.

**شازدەم: ماددەی سێزدەم:**

1- لە حاڵەتێك هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە سنووری دەسەلاّتی خۆیان دەرچوون بە بەکارهێنانی هێزێکی زۆر لە دژی کۆبووەوەکان یان خۆپیشاندەران ، ئەوا ڕێکاری یاساییان لەبارەیەوە وەردەگیرێ و ئەمەش بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دەبێ.

2- حکومەت قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان دەگرێتە ئەستۆ لەو زیانانەی کە کەوتۆتەوە لە ئەنجامی تێپەڕاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە سنووری ئەو ئەرکەی پیان سپێردراوە بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە دادگای تایبەتەوە دەرچووە.

**حەڤدەم: ماددەی چواردەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادەدەکرێ لەسەر هەموو حاڵەتەکانی مانگرتن و پەناگیری لە کاتی چوونە دەرەوەیان بۆ مەیدانەکان و شەقامە گشتیەکان .

**هەژدەم : ماددەی پازدەم:**

نابێ هیچ کۆبوونەوەیەکی گشتی یان خۆپیشاندانێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێك بخرێت.

2 - ماددەی یەکەم :

أ- وەکو خۆی تەنها وشەی کۆبوونەوەی گشتی لا ببرێت لە هەرشوێنێك هاتبێت.

ب- گۆڕینی پێناسەی خۆپێشاندان بۆ(کۆبوونەوەیەکی ڕێکوپێکە یان نیمچە ڕێکوپێکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆڕەپان وشەقام وشوێنی گشتی دەڕۆن یان دەوەستن بە مەبەستی دروست کردنی ڕایەکی گشتی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو،کە ئەم شێوازانە دەگرێتەوە(خۆپێشاندان،خۆپێشاندانی لە ناکاو،مان گرتن).

ج- پێناسەی خۆپێشاندانی لە ناکاو(پەرچەکردارێکی خێرایەو ڕێکخستنی پێش وەختی بۆ نەکراوە وبەرانبەر بارو دۆخێکی نائاسایی وکتوپڕ دێتەکایەوە کە بواری ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی تێدا نیە،پەیرەوکردنی کردارێکی سروشتی وئاساییە بەمەرجێك شارستانیانە بێت).

3 - ماددەی دووەم:

أ. وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندانی سەرەتاسەری هەیە.

ب. سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لە سنووری خۆیاندا دەسەڵاتی مۆڵەتدانیان هەیە بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا وقەزاو ناحیەکان وسەروی خۆیان.

4 - ماددەی سێ یەم:

کۆبوونەوەی گشتی لابرێت، بڕگەکانی تر وەکو خۆی.

ماددەی چوارەم:

بڕگەی (2،1)وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی (2)وشەی (ئاسایش) بکرێتە(پۆلیس).

5 - ماددەی پێنجەم:

لیژنە پێشنیازدەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

(پێویستە لە سەر لایەنی مۆڵەتدەر بەر لە خۆپیشاندانەکە هەمووکارێکی پێویست ئەنجام بدات پێش وەخت بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەم وئادابی گشتی وپاراستنی کەسەکان وماڵ وسامانی گشتی وتایبەتی لە کاتی خۆپێشاندانەدا).

6 - ماددەی شەشەم:

أ. وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ب. (هێزەکانی ئاسایش بکرێتە هێزەکانی پۆلیس) دەقەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

هێزەکانی پۆلیس دەبێ ڕێگە لە هەر کەسێك بگرن کە چەکیان بە ئاشکرا هەڵگرتبێ یا بە نهێنی یا هەر ئامێرێکی بریندارکەر یاخود ئەو ماددانەی کەلە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە داهاتووە هەڵبگرێت وبچێتە

ناو خۆپێشاندانەکە ومافی ئەوەیان هەیە هەموو رێ وشوێنێکی یاسایی بگرنە بەر وبەپێی یاسا هەڵس وکەوتیان لەگەڵ بکەن.

7 - ماددەی حەوتەم:

أ. کۆبوونەوەی گشتی لابرێت.

ب. لایەنی مۆلەتدەر لەجیاتی(وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی دەداتێ).

8 - ماددەی هەشتەم:

أ. وەکو خۆی بە زیادکردنی رستەی(راوێژ لەگەڵ رێکخەرانی خۆپێشاندانەکە)لە دوای ئەنجام بدرێ.

ب. هێزەکانی پۆلیس هەلگری باج وجل وبەرگی تایبەت دەبن کە ناو ناونیشانیانی لەسەربێت.

9 - ماددەی نۆیەم:

وەکو خۆی تەنها(ئەنجامدەرانی تاوانەکە بەر پرسیارە لە بەردەم یاسادا)لە جیاتی(رێکخەرانی خۆپێشاندانەکە).

10 - ماددەی دەیەم:

أ. وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ب. (کۆبوونەوەی گشتی) لابرێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە.

11 - ماددەی یانزەهەم:

أ. وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ب. وەکو خۆی بمێنێتەوە،(تایبەت)لە دادگابکرێتەوە.

12 - ماددەی دوانزەهەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

13 - ماددەی سیانزەهەم:

وەکو خۆی تەنها(کۆبوونەوەی گشتی)لابرێت.

14 - ماددەی چواردەهەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

15 - ماددەی پانزەهەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

16 - ماددەی شانزەهەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

لەگەڵ ڕێزمان......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی مرۆڤ تكایە ڕاپۆرتتان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر مۆڵەت بدەیت ڕوونكردنەوەیەكی بچووك دەربارەی پڕۆژە یاساكە بخەمە ڕوو، ئەو دوو پڕۆژە یاسایەی كەوا خوێندنەوەی یەكەمیان بۆكراوە، ئێمە وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ، یەكێك لەو پڕۆژە یاسایەمان دەست كەوتووەو بۆمان نێردراوە، ئەویش ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتیەكانە، بەزوویش ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان لەو بارەیەوە ئامادە كردووە، زیاتر لە شەش مانگ دەبێت، جا ئەو ڕاپۆرتەی كە من دەیخوێنمەوە، دەلالەتە لە پڕۆژە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتیەكانە نەوەك ڕێكخستنی خۆپیشاندان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنە**

**لیژنەكەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتیەكان كۆبووەوە، دوای ئەوەی كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە(10)ی ڕۆژی 2009/11/17، دواتر ئاراستەی لیژنەكەمان كرا. دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان زۆربەی ئەندامانی ئامادەبوو بەو تێبینی و دارشتنانەی خوارەوە پڕۆژەكەمان لاپەسندبوو:**

**1- بەكۆی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاردرا كە دەستەواژەی كۆبوونەوەی گشتی لە پڕۆژە یاساكان لابیرێت.**

**2- ماددەی (1) پێناسەی خۆپێشاندان لە پرۆژە یاساكە لابیرێ بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(خۆپێشاندان چالاكییەكی ڕێكخراو یان نیمچە ڕێكخراوە لەلایەن كەسایەتی یە مەعنەوی و سروشتیەكان لە شوێنە گشتییەكان دا ڕێك دەخرێت، بە مەبەستی دروستكردنی ڕایەكی گشتی و بەدیهێنانی داخوازییەكی دیاریكراو) و لابردنی دەستەواژەی لایەنی پەیوەندیدار.**

**3- ماددەی (2) بڕگەی (1) و (2) و (3) وەك خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی (4) لابردنی دەستەواژەی (ئەگەر بەڕاستی) و (لە سیستەم و ئادابی گشتی) و دانانی ئاسایشی نیشتمانی، زیادكردنی ماوەی (24) كاتژمێر، واتا بەو شێوەیەی لێبێت:**

وەزیـر/ ئـەو کەسـەیە دەسـەڵاتی پێـدەدات، بـۆی هەیـە داواکـاری ڕێکخسـتنی خۆپێشـاندانەکە ڕەت بکاتـەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت زیان بە ئاسایشی نیشتمانی دەگەیەنێت و ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنەکەش بە نووسـین دەبێت لە ماوەی (24) کاتژمێردا.

بڕگەی (5) و (6) وەك خۆی بمێنێتەوە.

4- ماددەی (3) بڕگە (1) لابردنی ڕۆژانی پشووی فەرمی، بڕگـەی (2) وەك خـۆی بمێنێتـەوە، بڕگـەی (3) گۆڕینی (48) کاتژمێر بە (24) کاتژمێر.

5- ماددەی (4) بڕگـەی (2) هێـزی ئاسایشـی نـاوخۆ لابرێت و بکرێـت بـە هێـزی پـۆلیس و بـەو شـێوەیە: (پێویستە لەسەر هێزەکانی پۆلیس گرنگی بە پاراستنی خۆپێشاندەران بـدەن)، مـاددەی (4) بـەو شـێوەیەی لێدێت:

هێزەکانی پۆلیس لەبری ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی پێدەدات.

6- ماددەی (6) بڕگەی (1) وەك خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی (2) هێزەکانی ئاسایش لابـبرێ لـەبری هێزەکـانی پۆلیس دابنرێت.

7- ماددەی (7) بڕگەی (1) ئەو بڕگەیە لابرێت، بڕگـەی (2) دەسـتەواژەی وەزیـر/ یـان ئـەوەی دەسـەڵاتی پێدەدات لابرێت.

8- ماددەی (8)، لابردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دانانی هێزەکانی پۆلیس، بڕگە (1)ی ماددە (8) بـەو شێوەیەی لێکـرا، بـەئاو ڕشـاندنیان، بڕگـەی (2) بـەو جۆرەیـەی لێبکرێـت (بـەکارهێنانی مـاددەی فرمێسـك ڕژێن بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپێشاندەران)، بڕگەی (3) لابرێت و ئەوە لە جێگـەی دابنـرێـت (دوورخسـتنەوەی ئەو کەسانەی کە لـە شـوێنی خـۆ پێشـاندانەکە پشـێوی دەنێنـەوە تـا کۆتـایی خۆپێشـاندانەکە)، زیـادکردنی بڕگەیـەك بـۆ مـاددەی (8) بـەم شـێوەیە: (هـەر کـارێکی ئـاژاوەگێڕی لـەناو خۆپێشـاندانەکە ڕووبـدات، ئەنجامدەرەکەی ڕووبەڕووی گرتن و ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە.

9- ماددەی (9) بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: (ئەگەر لەکاتی خۆپێشاندان باری ئاسایش تێکدرا یاخود زیـان بـە خەڵکی تر و ماڵ و سامانی گشتی یان تایبەتی گەیشت، یان خۆپێشاندان بەکاری ئەو کەسانەی پێ هەستاون لە ئامانجی خۆیان لایاندا، ئەوا داواکارانی ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکە و ئەو کەسانەی بـەو کـارە هەڵدەسـتن بەرپرسیارێتی تەواوی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ.

10- ماددەی (10) بڕگەی (1) لابدرێت، بڕگـەی (2) وەك خـۆی بمێنێتـەوە، مـاددەی (11) لەبڕگـە (1) و بڕگەی (2) لابردنی دەستەواژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دانانی هێزەکانی پۆلیس.

11- ماددەی (12) زیادکردنی ڕێ پێوان و دانانی شوێنە گشتییەکان لەبڕی مەیدان و شەقامە گشتییەکان.

12- ماددەکـانی (13)، (14)، (15)، (16) وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، هۆیـە پێویسـتییەکانی دەرچـواندنی یاسـاکە، لابردنـی دەسـتەواژەی (یاسـاکارییەکی) و، دانـانی دەسـتەواژەی (یاسـایەکی تایبـەت) و، زیـادکردنی دەستەواژەی ڕێپێوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی كۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لێژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە پرۆژە یاساكانی ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتییەكان:

لێژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژی سێشەممە (2009/12/22) كۆبووەوە، بۆ وتووێژكردن لە بارەی هەردوو پرۆژە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان و ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتییەكان، كە دوای خوێندنەوەی یەكەم بۆ هەردوو پرۆژەكە لە كۆبوونەوەی پەرلەمان لە ڕۆژی چوارشەممە لە ڕێككەوتی (2009/12/2) بۆ لێژنەكەمان هاتبوو، لەبەر ئەوەی لێژنەكەمان دوو پرۆژە یاسای بۆ هاتبوو لەبارەی ڕێكخستنی خۆپیشاندان، لێژنەكەمان بە چاكی زانی كە یەك ڕاپۆرت لەسەر هەردوو پرۆژە یاساكە ئامادە بكات، چونكە تاوتوێ كردن و گفتوگۆكردنی دوو ڕاپۆرت لەسەر یەك بابەت لە هۆڵی پەرلەمان سەخت و ئاڵۆز دەبێت، ئەوە جگە لەوەی كە نەدەكرا هیچ یەك لە پرۆژە یاساكان بكەین بە بنەمای گفتوگۆكانمان بەهۆی هەندێ كەم و كوڕی لەهەردوو پرۆژە یاساكەدا، بۆیە دوای ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا و وتووێژ لە كۆبوونەوەی لێژنەكەماندا، یەك پرۆژە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندانمان داڕشت، بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاوێژمان بە لێژنەی یاسایی كرد، ئەوانیش پەسندیان كرد، بۆ داڕشتنی ئەو پرۆژە یاسایەی كە لە خوارەوە هاتووە سوود لە هەردوو پرۆژە یاسای ناوبراو وەرگیراوە، هەروەها ڕێنماییەكانی وەزارەتی ناوخۆش لەبەرچاو گیراوە كە بۆ ڕێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوە گشتییەكان لەبەرواری (2010/4/20) دەرچووە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین كە ئەو پرۆژە یاسایەی لێژنەكەمان ئامادەی كردووە، وەك لە خوارەوە هاتووە، بكات بە بنەمای گفتوگۆكانی ناو پەرلەمان بۆ دەرچواندنی یاساكە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

ئەو زاراوانەی خوارەوە لە هەر شوێنێكی ئەو یاسایەدا هات مەبەست ماناكانی بەرامبەریانە:

1 - خۆپیشاندان: چالاكییەكی مەدەنییە لە شێوەی كۆبوونەوەیەكی ڕێك و پێك، یان نیمچە ڕێك و پێك، بە شێوەیەكی ئاشتیانە لەلایەن خەڵكەوە لە شوێنە گشتییەكاندا ڕێك دەخرێت بە مەبەستی دروستكردنی ڕایەكی گشتی بۆ بەدیهێنانی داخوازییەكی دیاریكراو، كە ئەو شێوازانە دەگرێتەوە: (خۆپیشاندان، ڕێ پێوان، مانگرتن).

2 - سەرۆكی یەكەی كارگێڕی، پارێزگار، قایمقام، بەڕێوبەری ناحیە.

3 - وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

4 - ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

5 -

**ماددەی دووەم:**

**بڕگەی (1):**

**خۆپیشاندان مافێکی سروشتی و دەستوورییە، دەبێ بە پێی ڕێ و شوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت.**

**بڕگەی (2):**

**لایەنە پەیوەندیدارەکان نابێ ڕێگربن لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسایی خۆیدا.**

**بڕگەی (3):**

**خۆپیشاندان نابێ بە مەبەستی دژایەتی گروپێکی دیاری کراو (ئاینی، ئینتی، نەتەوەیی)، یان هاندانی گروپێك لە دژی گروپێکی تر ئەنجام بدرێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**بڕگەی (1):**

**سەرۆکی یەکەی کارگێری دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە.**

**بڕگەی (2):**

**سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندان بدات بە جێگرەوەکەی خۆی بە فەرمانی ڕەسمی.**

**بڕگەی (3):**

**خۆپیشاندان بەر لە پێشکەش کردنی داواکاری لەلایەن لیژنەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندان و وەرگرتنی مۆڵەت لەلایەن سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، یان ئەوەی کە دەسەڵاتی پێ دەدات نابێ ئەنجام بدرێت.**

**ماددەی چوارەم:**

**بڕگەی (1):**

**ڕێکخەرانی خۆپیشاندان، ڕێپێوان و مانگرتنی بە کۆمەڵ نابێ ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر بێت، بۆ مانگرتنی تاکە کەسی دەکرێ یەك کەس بێ.**

**بڕگەی (2):**

**ڕێکخەرانی خۆپیشاندان لایەنی کەم (48) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە، داواکارییەك پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەکەن، داواکارییەکە پێویستە ئەو زانیارییانە لە خۆبگرێت:**

**أ - کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە .**

**ب - ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندانەکە.**

ج- ژمارەی خەملێندراوی خۆپیشاندانەکە.

د- ناو و واژووی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، یان نووسـراوێکی فـەرمی ئـەو کەسایەتییە مەعنەوییـەی کە خۆپیشاندانەکە ڕێك دەخات.

بڕگەی (3):

ئەگەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بە پاساوی دروستی بەڵگەدار، لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی گشـتیدا بـە باشـی زانـی کـات و شـوێنی خۆپیشـاندانەکە بگۆڕێت، ئـەوا پێویسـتە بـە نووسـراوی فـەرمی ئاگاداری ڕێکخـەرانی خۆپیشاندانەکە بکاتەوە، مـاوەی وەڵامدانەوەکەشـی (24) کاتـژمێر بـەر لـە دەسـتپێکردنی خۆپیشـاندانەکە کەمتر نەبێت، ئەگەر نا ئەوا خۆپیشاندانەکە لە ڕووی کات و شوێن شیاو و گونجاوە.

بڕگەی (4):

سەرۆکی یەکەی کارگێڕی یان جێگرەوەکەی تەنیا یەکجار مافی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت.

بڕگەی (5):

ڕێکخەرانی خۆپیشاندان مافی دانوستانیان لە بارەی کات و شوێنی خۆپیشاندانەوەکە هەیە، ئەگـەر سـەرۆکی یەکەی کارگێڕی یان جێگرەوەکەی پێشنیاری گۆڕینی کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەی کرد.

ماددەی پێنجەم:

پێویستە بەر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی یان جێگرەوەکەی هـەموو ڕێ و شوێنێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەمی گشتی و پاراستنی خۆپیشـاندەران و مـاڵ و سامانی گشتی و تایبەتی.

ماددەی شەشەم:

1 - ڕێکخەرانی خۆپیشاندان کە داواکاری پێشکەش بـە سـەرۆکی یەکـەی کـارگێڕی یـان جێگرەوەکـەی دەکەن، دەبێ کەسانی نوێنەربن.

2 - ئـەو داواکارییـەی کـە بـۆ ئەنجامـدانی خۆپیشـاندان پێشـکەش بـە سـەرۆکی یەکـەی کـارگێڕی یـان جێگرەوەکەی دەکرێت، دەبـێ لـە ڕێگـەی نوێنـەرانی ئامـاژە بـۆکراوی بڕگـە (1)ی ئـەو ماددەیـەوە بێت.

ماددەی حەوتەم:

1 - پێویستە هێزەکانی پۆلیس ئامادەی خۆپیشاندانەکان بن و لەلای خۆیانەوە لێژنەیەکی سـێ کەسـی پێك بهێنن بۆ پەیوەندی گرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ لێژنەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە لـە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە.

2 - هێزەکانی پۆلیس بەرپرسن لە پاراستنی گیان و سەلامەتی خۆپیشاندەران.

3 - له كاتی دروستبوونی پشێویدا، هێزەكانی پۆلیس دەتوانن ئەو شێوازانە بگرنە بەر:

أ - ئاو ڕشاندن.

ب - بەكارهێنانی قەڵغان بۆ خۆپاراستن.

ج- بەكارهێنانی گازی فرمێسك ڕژێن تەنیا لە كاتێكدا ئەگەر خۆپیشاندەران پەنایان بۆ توند و تیژی برد، نابێ لە بەكارهێنانی زێدەڕۆیی بكرێت.

دووەم: دوورخستنەوەی ئەو كەسانەی كە لە شوێنی خۆپیشاندانەكە پشێوی دەنێنەوە تا كۆتایی خۆپیشاندانەكە.

**ماددەی هەشتەم:**

لە كاتی خۆپیشاندان دا هەڵگرتنی هەموو جۆرە چەكێك یان ماددەی تەقینەوە و ژەهراوی، یان سووتێنەر قەدەغەیە.

**ماددەی نۆیەم:**

1 - هەركارێكی تاوان ئامێز، یان ئاژاوە گێڕی كە لەناو خۆپیشاندانەكە ڕوودات بەرپرسیاریەتیەكی كەسییە، تەنیا ئەنجامدەرەكەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و ڕێ و شوێنی یاسایی دەبێتەوە.

2 - لە كاتی بەكارهێنانی توند و تیژی هێز یان زیان گەیاندن بە كەس و موڵك وماڵی گشتی و تایبەتی لە ناو خۆپیشاندانەكە كەسی سەرپێچی كەر بە پێی یاسای سزاكانی كارپێكراو سزا دەدرێت.

**ماددەی دەیەم:**

1 - ئەگەر هێزەكانی پۆلیس لە میانەی مامەڵە كردنیان لەگەڵ خۆپیشاندەران دا سنووری یاسایی دەسەڵاتیان بەزاند، ئەوا بە پێی یاسا كارپێكراوەكان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبنەوە.

2 - پێویستە سەرجەم ئەندامانی هێزەكانی پۆلیس باجی تایبەت بە سینگیانەوە بێت، بە شێوەیەكی ئاشكراو ڕوون بۆ ناسینەوەیان.

3 - دەبێ وەزارەتی ناوخۆ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو زیان لێكەوتووانە بكاتەوە كە هێزەكانی پۆلیس لە دەرەوەی ئەركی پێ سپێردراویان ئەنجامیان داوە، ئەمەش بە پێی بڕیارێك جێبەجێ دەكرێ كە لە دادگاوە دەردەچێت.

**ماددەی یازدە:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەو یاسایە جێبەجێ بكات.

**ماددەی دوانزە:**

پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەو یاسایە دەربكات.

بكرێت، با ئەویش ئیحالەی لیژنەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لیژنەکان بتوانن گفتوگۆ بکەن و راپۆرتی گونجاوی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم، بەڕاستی ئەمە ئێستا تەئجیل بکرێت و بدرێت بە لیژنەکان و نافیزەکەی رابگیرێت، بەڵام لە کۆبوونەوەی داهاتوو، ئەو پرۆژەی هەموار کردنە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ؟ یەك روون کردنەوەم هەیە، دیارە ئەم یاسایە کاتی کە خۆی دەرکراوە، نافز نەکراوە تا دوو ساڵ، من ترسم هەیە ئەگەر ئێستاش هەموارەکە نەکەین، تا دوای دوو ساڵەکە جارێکی تر نافز بکرێت و تووشی هەمان کێشە ببینەوە، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە لە ماوەیەکی کورت، تا ئێمە ئەو هەموارە بکەین، بۆ ئەوەی دوای ئەو دوو ساڵە تووشی ئەو ئیشکالە نەبین، بۆیە پشتگیری ئەو رەئیەی کاك شێروان دەکەم کە لە کۆبوونەوەی داهاتوو سەرۆکایەتی هەموارەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کە راگیراوە، ئێمە هەمواری یاساکە بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە بیخوێنەوە فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە بەو شێوەیە دووبارە دەیخوێنمەوە، داواکارم لە جەنابتان ئەمر بفەرموون بە رەوانە کردنی لیژنەی تایبەتمەند، بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکەین.

"تعدل الفقرة (الثانية) من المادة (الثالثة) من قانون رقم (9) لسنة 2008 وتكون كما يلي:

تمتد عقود ايجار العقار المؤجر لغير اغراض السكن المبرم قبل نفاذ هذا القانون لغاية 2011/7/15 اعتباراً من تاريخ انتهاء مدة العقد وتخضع في ايجاره لاحكام القانون المدني بعد انتهاء المدة المذكورة"

**الاسباب الموجبة**

بغية منح المستأجر فترة اخرى ليكون على دراية بالاوضاع القانونية الجديدة للمأجور لتدبير اموره وكذلك عدم قطع ارزاق هذا الصنف من المستأجرين بسبب التخلية واعطاء المهلة الكافية لوسائل الاعلام لنشر الوعي القانوني في هذا المجال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، تکایە فەقەرەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی دوایی/ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی بێنە شوێنی خۆیان بۆ موناقەشە کردن، کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

**دیارە لە ئاخیر کۆبوونەوەی پەرلەمان بڕیار درا کە پرۆژە یاسای خۆپیشاندان دووبارە لیژنەکان لەسەری کۆببنەوە، لیژنەی یاساو مافی مرۆڤ و ناوخۆ و کۆمەڵەی مەدەنی، لەسەر رۆشنایی ئەو بڕیارە ئێمە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا، لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا، بەڕاستی مادە بە مادە ئەو پرۆژەیەمان موناقەشە کردووە، لە یەکەم ماددەوە تا کۆتایی ماددە، چەند خاڵێکی سەرەکی هەبوو، کە کۆی دەنگی هەرچوار لیژنەی لەسەر بوو و لەناو راپۆرتەکەی خۆمان ئیشارەتمان پێداوە، لە هەمان کاتدا چەند خاڵێکیش هەبوو خیلافی لەسەر بوو، خیلافەکەشمان لەناو راپۆرتەکەدا نیشانداوە، واتا ئەو نوقاتانەی کە خیلافیان لەسەر هەیە بە دوو رەئی هاتینە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەماندا یەکلا ببێتەوە، لەهەمان کاتیشدا ئێمە لە لیژنەکان بڕیارماندا لەسەر رۆشنایی بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان بە تەوحید کردنی ئەو دوو پرۆژەیەی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، هەوڵماندا لە یەك پرۆژە گەڵاڵەی بکەین، چ بە خاڵە هاوبەشەکانەوە، چ بەوخاڵانەی کە خیلافی لەسەر هەیە، بۆیە ئەگەر رێگام پێ بدەن من بەناوی لیژنەی هاوبەشەوە راپۆرتی لیژنە پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەم بە زمانی عەرەبی، پاشان برایانی بەڕێزم بە زمانی کوردی دەیخوێننەوە، زۆر سوپاس.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير مشترك**

بناء على اقتراح رئاسة برلمان كوردستان في الجلسة الاعتيادية المرقمة (8) ليوم 2010/10/27 بتوحيد المشروعين المقدمين من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان، الخاصين بمشروع قانون تنظيم المظاهرات وتقديم تقرير مشترك من قبل اللجان الاربعة المعنية بالمشروع وموافقة البرلمان على ذلك. فقد اجتمعت لجان الشؤون القانونية والداخلية والامن والمجالس المحلية وحقوق الانسان وشؤون المجتمع المدني يوم الخميس المصادف 6/گەلاڕێزان/2710 كوردى المصادف ليوم 2010/10/28 ميلادي بصورة مشتركة وبعد المناقشة والمداولة، توصلت اللجان الى ما يلي:

اولاً: بالنسبة لتسمية مشروع القانون تقترح اللجان بالاجماع تسميته بـ(قانون تنظيم المظاهرات في اقليم كوردستان–العراق).

ثانياً: تقترح اللجان الصياغة التالية لمشروع القانون ليكون بديلا عن المشروعين وليكون اساسا للمناقشة وتسهيلا للمناقشات والتصويت وحسب ماهو مبين ازاء الحالات المتروك ابداء الرأي بشأنها.

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

أولاً: الوزير: وزير داخلية اقليم كوردستان.

ثانياً: رئيس الوحدة الادارية: المحافظ – القائمقام – مدير الناحية.

ثالثاً: المظاهرة: جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع والاماكن العامة يهدف الى خلق رأي عام موحد لتحقيق غرض معين ولوقت معين.

هناك رأي بإضافة فقرة الى المادة بالشكل الآتي {المظاهرة المفاجئة: هي رد فعل سريع وغير منظم ناجم عن احداث مفاجئة دون توفر الوقت الكافي لإشعار الوحدة الادارية}.

رابعاً: التجمع العام: التجمع الذي يتم تنظيمه لتحقيق غرض معين ذي طابع عام في مكان معين ولوقت معين.

هناك رأي بإلغاء (التجمع العام من التعريف ومضمون القانون).

خامساً: اللجنة: اللجنة المنظمة للمظاهرة او التجمع العام وتتكون من عدد لا تقل عن ثلاثة اشخاص ولا تزيد على خمسة يتمتعون بالاهلية القانونية ويتولون ادارة وتنظيم المظاهرة او التجمع العام.

سادساً: الجهة المعنية: الجهة ذات العلاقة المباشرة بمطالب المتظاهرين او المتجمعين.

المادة الثانية:

هناك رأيان حول تنظيم المظاهرات، الرأي الاول: يشترط الحصول على الاجازة وتكون الصياغة كالآتي:

اولاً:

1- للوزير صلاحية اجازة المظاهرة او التجمع العام اذا كانت على مستوى الاقليم.

2- لرئيس الوحدة الادارية صلاحية اجازة المظاهرة او التجمع العام كل ضمن وحدته الادارية.

ثانياً: لا يجوز تنظيم المظاهرة او التجمع العام الا بعد تقديم طلب الى الوزير او رئيس الوحدة الادارية واستحصال الموافقة التحريرية.

کوردستان، سەبارەت بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە، رای جیاواز دەڵێت، مظاهرة مفاجئە، لەناو فەقەرەك ئیزافە بکرێت، بۆ فەقەرەکانی ماددەکە، بەم شێوەیە:

المظاهرة المفاجئة: هي رد فعل سريع وغير منظم ناجم عن اهداف مفاجئة دون توفر الوقت الكافي لاشعار الوحدة الادارية.

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم التجمع العام، ڕای جیاواز ئەوەیە کە دەڵێ، التجمع العام، لەناو پێناسەکەدا، وەهەروەها لەناو یاسایەکەدا نەمێنێتەوە، ئەوە خاڵەکانی جیاوازی لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان، کەلەسەر پڕۆژەکە بەتایبەتی ماددەکە بەم شێوەیە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیش بخوێنن، پاشان تەفسیرات لەسەری بدرێتن، رەجائەن، بە کوردیش بخوێنن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بە نیسبەت ناوی پڕۆژەکە لیژنەکان بە تێکڕا پێشنیاز دەکەن، ناوی بنرێت یاسای ڕێکخستنی خۆ پیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوەو دەربڕینانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

دووەم: سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

سێیەم: خۆپیشاندان: کۆمەڵێکی ڕێکخراو یان نیمچە ڕێکخراوە لە خەڵك بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆڕەپارن و شەقام و شوێنی گشتی دەڕۆن، بەمەبەستی خولقاندنی ڕای گشتی یەکگرتوو، بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکراو.

لێرەدا رایەك هەیە بۆ زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی یەك، بۆ ماددەکەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

خۆپیشاندانی لەناکاو: ئەمە کاردانەوەیەکی خێراو نا ڕێکخراوە لە ئەنجامی ڕوودانی کت و پڕ دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی کاتێکی تەواو هەبێت بۆ ئاگادار کردنەوەی یەکەی کارگێڕی.

چوارەم: کۆبوونەوەی گشتیی: ئەو کۆبوونەوەیە کە ڕێك دەخرێتن بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، کە مۆرکێکی گشتی هەبێت لە شوێنێکی دیاریکراو، بۆ کاتێکی دیاریکراو.

لێرەدا رایەك هەیە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لە پێناسەو ناوەڕۆکی یاسادا.

پێنجەم: لیژنە: لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان یاخود کۆبوونەوە گشتیەکە، لە ژمارەیەك پێك دێك کە لە سێ کەس کەمتر نەبن و لە پێنج کەس زیاتر نەبن، شیاوی یاساییان هەبێت، بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە یاخود کۆبوونەوە گشتیەکە دەگرنە ئەستۆ.

شەشەم: لایەنی پەیوەندیدار: ئەو لایەنەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران و کۆبووان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گوێتان لێی بوو، ئەوەش ڕەئی لێژنەکانە خۆیان، بۆیە داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەم، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن، ناویان تۆمار بکات، خۆیان بڵێن و تۆماری بکات، چونکە ڕێکخراوی ئاسك ئەو پێشنیارەی کردووە، بە ئیحتیرامەوە وەری دەگرین، هەقی خۆیانە، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تەوزیح و یەك پێشنیارم هەیە، ئەگەر لێم قبوڵ بکەن، ئەویش ئەوەیە هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێیدا، ئەو خاڵانەی کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، چل و چوار ئەندامی پەرلەمان بەشدار بووە، لەو چوار لیژنەیە، وە هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانیشی تێدابووە، ئەگەر تەنزیمی مناقەشەو تەحدیدی مناقەشەکە لەو خاڵانە بکرێت، وابزانم ئێمە ئیستیفادە لە وەقت دەکەین زیاتر، خاڵەکانی خیلاف اعتیادیە، دەرگای مناقەشەکە تەبعی و اعتیادیە، بەس بە نیسبەت ئەوانی تر، ئەگەر تەحدیدی مناقەشە بکرێت، پێم شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەرلەماناتی عالەم کورسیەکان ژمارەیان هەیە، سکرتێری پەرلەمان بێت، سەرۆکی پەرلەمان بێت، جێگر بێت، تەماشای ژمارەکە دەکات، و قائیمە تەئشیر دەکات، لێرە ئەوەمان نیە، لەو لەحزەیە هەندێك جار ناوی نزیکترین انسان لەبیری دەکات، لەبەر ئەوە رەجا دەکەم، ئەگەر وابیتن من ناو بنووسم دەنگی خۆتان بەرز بکەن، عمر عبدالعزیز، کاك احمد، بیلال سلیمان، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، ئاراس حسین، برهان رشید، اسماعیل، کوێستان محمد، زانا رؤوف، پەیمان عزالدین، پەیام احمد، جعفر علی، بێریڤان سەرهەنگ، تارا اسعدی، جمال طاهر،حسن محمد، خورسید احمد، ناسك تۆفیق، شوان کریم، سەرهەنگ فەرەج، ڕیباز فتاح، عبداللە مەلا نوری، کاردۆ محمد، نەسرین جمال، نەریمان عبداللە، حاکم رزگار، هاوڕاز خۆشناو، ئاشتی عزیز، محمد شارەزووری، گۆران ئازاد، فاضل بەشارەتی، عمر هەورامی، سیوەیل عثمان، عبدالرحمن حسین، سەرگوڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی چیە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لیژنەکانی مەعنی تایبەت بە گفتوگۆ کەر لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە، وە زائیدەن ڕاپۆرتی موشتەرەکیشمان هەیە دەربارەی ئەوە، من تەسەور دەکەم پێش ئەوەی، ئەندامانی پەرلەمان مناقەشەی پڕۆژەکە بکەن، ئەو ماددەیە بکەن، رەئی بەڕێزان وەزارەتی مەعنی وەربگیرێت، دوای ئەوە مناقەشە بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر پرۆژەکە، چونکە ئێمە لیژنەکان بە موشتەرەکی، ئەوەیان کردەوە، ئەگەر رەئیتان بدەن لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سمیر عبداللە ئاکرەیی/ وەزیری ناوخۆ بەوەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم، کە ئەمڕۆ بانگهێشت کردنی من بۆ مناقەشە کردن لەسەرقانون، یاسایی قانونی مزاهەرات لەهەرێمی کوردستان، من چەند تێبینیەکی بچووکم هەیە، بەنیسبەت ئەو ماددەی یەکەم، حەزم دەکرد ئەو تێبینیانە بۆ ئێوەی بەڕێز بیلێمەوە، یەکێکیان بە نیسبەت، نووسراوە (اولا: لتسمية مشروع العراق طرح لجان بالاجماع تسميته بقانون تنظيم المظاهرات في اقليم كوردستان - العراق) لە هەموو ماددەکان نووسراوە( تنظيم المظاهرات والتجمعات)، بۆچی نەنووسراوە تجمعات لەگەڵی، کە نووسراوە لە هەموو ماددەکان و خاڵەکان، المظاهرة او التجمع، کەئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت، وابزانم خاڵێك خراپ نیە، بە نیسبەت ماددەی یەکەم خاڵی سێیەم، هناك راى باضافة فقرة الى المادة بالشكل الاتي، المظاهرة المفاجئة: هي رد فعل سريع وغير منظم ناجم عن اهداف مفاجئة دون توفر الوقت الكافى لاشعار الوحدة الادارية، کە لێرە بۆخۆی هەر شەرحی بۆ خۆی دەکاتن، غیر منزەمە بەراستی، فەوزایەك چاك دەبێت، ئەگەر ئێمە ئیجازە بدەین، موزاهەرات پێك بهێندرێت، وە ئەوەی کە ئاگاداری سوڵتاتی مەعنی نەکرابێتن، کۆنترۆلیش ناکرێتن، لەبەر ئەوە پێموایە ئەو رەئیە حەزف بکرێت، سوپاستان دەکەم، پێنجەم: : اللجنة: اللجنة المنظمة للمظاهرة او التجمع العام: وتتكون من عدد لاتقل عن ثلاثة اشخاص ولاتزيد على خمسة يتمتعون بالاهلية القانونية يتولونه ادارة وتنظيم المظاهرة او التجمع العام.

سادساً: الجهة المعنية، لەبەر ئەوەی کە لێرە لەشەش تیکرارە تەقریبەن، الجهة المعنية: الجهة ذات العلاقة المباشرة بمطالب المتظاهرين او المتجمعين، لەبەر چی لیژنە چاك بکرێت مادەم جهەی مەعنی هەیە، تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە پێنجەم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا تێبنیەکی گشتی عەرز دەکەم، کە باسی ئەو چل و چوار ئەندامەی لیژنەکانتان کرد، دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، کە لەو چل وچوار ئەندامە، نزیکەی 10 ئەندام هەر ئیمزای نەکردووە، نزیکەی حەوت تا هەشت ئەندام تەحەفوزی هەیە، تەنانەت ئەندامی واهەیە نووسیویەتی هەر لە ئەساسەوە دژی ئەو یاسایەم، کە ئەندامی لیژنەی یاسایشەو، ئەندامی خۆشی یاسایی بێت، لەبەر ئەوە چل و چوار کەس ئیمزای نەکردووە لەسەر ئەو یاسایە، وەکو تێبینیەکی گشتی، بەنیسبەت ماددەی یەکەوە، من دوو تێبینی عەرز دەکەم، یەکێکیان پەیوەندی بە پێشنیارەکەوە هەیە، کە ناو نراوە ڕای جیاواز، کە باسی خۆ پیشاندانی لە ناکاوە، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوڕەئیە، چونکە بەڕاستی هەندێکجار کێشەیەك ڕوو دەدات، یان پرسێکی سیاسی، کە پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە، یان هەرێم وەکو کیانی سیاسی، یان جەماوەری کوردستان، خەڵکی کوردستان، پێویست دەکات خۆ پیشاندانێکی خێرای بۆ بکرێت، بەبێ وەستان بەدیار مۆڵەتەوە یان ڕەزامەندی جیهەتی پەیوەندیدارەوە، بۆیە گرنگە ئەو بڕگەیەی تێدابێت، ئێمە هەموو جار نابێت هینمان بکات، کە ئەو یاسایە دائەڕێژین یەکسەر بۆ ئەو لایەنانە بچێت کە خۆ پیشاندان ئەکەن، بۆ مەوزوعێك کە پەیوەندی بە ڕەخنە لە دەسەلآت، یان داواکاری هاوولآتیان کە زەحمەتەو پێویستی بە کات هەیە، ئەبێت هەندێکجار ئەوەشمان لە بیر بێت، کە ئێمە ناچار دەبین وەکو خەڵکی کوردستان، خۆپیشاندانی لەناکاو بکەین، بۆ هەندێك مەسەلەی گرنگی سیاسی کە پێویستی بە پشتگیری خەڵکی کوردستان هەیە بۆی، لەبەر ئەوە من زۆر داکۆکی ئەکەم لەو بڕگەیە کە ئیزافە بکرێت، خۆپیشاندانی لەناکاوی تیا بێت، خاڵی دووەم لە ماددەکە، بڕگەی چوارە، باسی کۆبوونەوەی گشتی، منیش بە زیادی ئەبینم بەڕاستی، چونکە کۆبوونەوەی گشتی مافێکی تەواو ئاسایی و ساکارە، وە موتەبەعیشە، یەعنی بوەتە نەریتێك یا ریتمێك لە کوردستان، ئێمە دەیان شوێنی گشتیمان هەیە، وەکو پارك و وەکو باخچەی گشتی، وەکو گۆڕەپانی گشتی و شوێنی گشتی، بە شێوەیەکی گشتی زۆرن، پێویستی ناکات بەڕاستی تەنزیم بکرێت، وە بلکێندرێت بە خۆپیشاندانەوە، زۆر جار بۆ دەربڕینی شادیە، بۆ دەربڕینی خۆشیە، بۆ مەوزوعێکە کە هیچ پەیوەندی بە لایەنی سیاسیەوە نەبێت، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، کە تەواوی ئەو وشانەو دەستەواژانەی کە باسی کۆبوونەوەی گشتیە، لەو بڕگەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم، ثالثا، دەربارەی مزاهەرە، من پێشنیار دەکەم، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە لێرە مەوزوعی تەجەموع، مەوزوعی مزاهەرەی لەناکاو هەیە، وە ڕای جیاوازیشی لەسەر بوو، لە نێوان لیژنەکاندا، من تەنها پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، المظاهرة: نشاط مدني يتم تنظيمه من قبل جمع منظم او شبه منظم من الناس بشكل سلمي، يه عنى بدون كلمة يسير، بشكل سلمي في الميادين

والشوارع والاماكن العامة ويهدف الى خلق راى عام موحد لتحقيق غرض معين و يشمل هذا النشاط و المظاهرات المفاجئة، الاضراب والمسيرات، ئەوكاتە لەوەش ڕزگارمان ئەبێت کەوا، مەوزوعی مزارهەرەی موفاجئ یان تەجەموع بخەینە ناوی، چونکە لێرە دەڵێت، جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير، ئەمە لێرە يسير، مەعنای ڕێ پێدانەکە دەگرێت بەڕاستی، بەڵام ئەوەی دەرنەخستووە لێرە، کە ئایا ئەگەر ڕاوەستابن، ئەمە مزاهەرەیە یان مزاهەرە نیە، بۆیە ئەم (یسیر) پێویست ناکات بەرەئی من تێدابێت، ئەگەر هەم ڕۆیشتن بێت کە مەسیرەکە ئەگرێتەوە، ڕێ پێوان، ئەگەر ڕاوەستابن هەرئەی گرێتەوە، بەڵام من ئەو پێشنیارە دەکەم، بەو شێوەیە بێت ئەو کاتە پێویست بە تەجەموعیش ناکات، من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام، دەربارەی خامسا: اللجنة: اللجنة المنظمة للمظاهرة او التجمع العام: وتتكون من عدد لايقل، لە بری لاتقل، ڕەنگە ئەوە هەڵەی مەتبەعی بێت، ولاتزيد على خمسة، من لەگەڵ ئەوەمە تەنها لایەنی حەدی ئەدناکەی گرنگترە، لايقل عن ثلاثة اشخاص، بەلأم ئەو لاتزيد على خمسەی تێدا نەبێت، ئەمە حەزف بکرێت، ئەمە پێویست ناکات حەدی اقصایەکەی دیاری بکرێت بەڕاستی، من ڕەئیشم وابوو لە کۆبوونەوەی لیژنەکانا، بەلایەنی کەم سێ کەسێك بێت، ئەوی ڕێکخەری خۆ پیشاندانەکان، لایەنی زۆرەکەی تۆ بۆ دیاری بکەی، پێنج کەسە، دە کەسە، گرنگ ئەوەیە مەواقعیان دیارە، شوێن و مەکانی مزاهەرە دیاری دەکەن، لەگەڵ هەدەفی مزاهەرەکەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله( بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەڕاستی من دوو تێبینیم هەیە، وەکو چۆن لە ڕاپۆتەکەشا هاتووە، بەخاڵی ئیختیلاف ناوی هاتووە، سەبارەت بە خۆپیشاندانی لەناکاو، خۆپیشاندانی لەناکاو، بەڕاستی واقعێکە ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت هەیە، ئەگەر ئێمە ئەو واقعەی کەهەیە، پێویستە یاسای بۆ دیاری بکەین، ئێمە بۆیە یاسا دادەنێین، بۆ ئەوەی کە شتێك وجودی هەیە، پێویستی بە ڕێکخستنە، ڕێکخستنەکەش هەیە، خۆپیشاندانی لەناکاو، ئێمە بمانەوێت و یان نەمانەوێ واقعێکە کە هەیە، نموونەش بۆ ئەوە، هەر دوێنێ کە چووبوونە بەر دەرگای بانك، داوای ئەوەیان دەکرد کە پارەیان پێبدرێت بۆ 100 مەتری، کە کاتێك لەوێ ناویان نەهاتبۆوە، مشکیلەیان هەبوو، هەر لەوێ مزاهەرەکە دروست بوو، ئەوە واقعێکە، یەعنی ئەی چیان لێدەکەی لەو خەڵکە؟، نابێت ڕێك بخرێت ئەوە؟، ئەو واقعێکە کە هەیە، پێویستی بە ڕێکخستنە، جا ئەوە ناوی لێدەنێی خۆپیشاندانی لەناکاو، ناوی لێدەنێی خۆپیشاندانی سروشتی، هەرچی ناوی لێدەنێی، یەعنی تۆ واقعێکە کە هەیە، پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، پێویستە لەناو ئەو یاسایەشدا جێی بکرێتەوە، سەبارەت بە کۆبوونەوی گشتی، وەکو مامۆستا عمریش باسی کرد، کۆبوونەوەی گشتیش مافی هەر کەسێکەکە کۆبوونەوە دەکات، 10 کەسە یان 15 کەسە، بەیەکەوە کۆدەبێتەوە، شتێك دەڵێت، یان هەرچی

دەڵێـت، دەتـوانم بڵـێم لـە 99٪ سیاسـی نـەبن، لەوانەیـە شـتێك بێـت كۆبوونـەوەی گشـتیەك، زۆرجـار كۆبوونەوەی گشتی بەوە دروست دەبێت، كە كابرا دەیەوێت ئاهەنگێكی ژن هێنان پێك بێنێت، یەعنی ئەوە لەو كاتە ئەوەش دەگرێتەوە، ئایا پێویستی بـەوە دەكـات بچێت ئیجازەی بـۆ وەربگرێت، لەبـەر ئـەوە مـن پێموایە كۆبوونەوەی گشتی بە شێوەیەكی گشتی كـە دیـاری كـراوە، ئـەوە هەڵەیـە، وە مـن پێموایـە دەبێـت لابرێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی سێهەم هەیە، كە رەئیەك هاتووە، كەوا المظاهرة المفاجئة، تـەعریف بكرێت، بەڕاستی من لێرەدا ئەیبینم كەوا تەعریف كردنی موزاهەرەی موفاجئ، بەم شێوەیەی كە لێرەش كراوە، كە رەد فعلێكی سەریع و غیر مونەزەمە، شتێكی غیر دەستوری ئەبێت، لەدەسـتووری عیراقیـدا، لـە ماددەی 38 لە خاڵی سێیەم هاتووە، وەهەروەها لە دەستوری كوردستانیش لەماددەی نۆزدەهـەم هـاتووە، كـە خـاڵی 17، باسی ئەوە دەكات كە ئەبێت موزاهەرەو تەجەموعات، ئەبێت بەیاسا ڕێك بخرێت، ئەگەر هـاتو لێـرەدا ئێمـە بەم شێوەیە موزاهەرەی لە ناكاومان تەعریف كرد، كە غیر مونەزەمە، كەواتە ئەم یاسایە شوملی ناكات، ئەو موزاهەرەیە یاخود ئەو تەجەموعە، ئەم موزاهەرەیە ئەگەر ئەم یاسایە شوملی نەكرد، بـەپێی دەسـتورەكان نەبوو، مانای وایە غیر یاساییە، بۆیە بەرەئی من ئەسلەن موزاهەرەی لە ناكاوی تیا نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەك هاوڕێم ئەڤین خـان باسـی كـرد، گـەر لەبـەر ئـەوەی ئـەوە لـە دەسـتوری عـیراق و لـە دەسـتوری كوردسـتان هـاتووە، كـە ئەمـە دەبـێ تـەنزیم بكرێـت بـە یاسـا، هـەتا ئێسـتا بـە یاسـا نەكراوە، پێویستە چەند خاڵێك بخەینە بەرچاوی خۆمان، وە ئەم یاسایە بە شێوازە تەقلیدیەكەی یاساكانی تـر، دانەڕێژینـەوە، چـونكە ئێمـە مەبەسـتمان لـەم یاسـایە، ڕێكخسـتنی بەشـێك لـە بەشـەكانی ژیـانی ئـەم كۆمەڵگایەیە، بمانەوێت و نەمانەوێت لە هـەموو دونیـا ئـەم حاڵەتـە هەیـە، وەبەیاسـا ڕێكخـراوە، بۆیـە مـن رەئیم وایە، پـێش بـاس كردنـی هـەموو شـتێك، ئـەبێ پرێنسیپەكانی بخەینـە بەرچـاو، بڵـێین، ئـەم یاسـایە داڕێژراوە لەسەر ئەم پرێنسیپانە، یەك، دوو، سێ چەند دائـەنرێت پرێیسـیپەكان، بـۆ ئـەوەی مـەجالی هـیچ تەفسیرێك نەمێنێتەوە بۆ دوای ئەوەی كە بێت بڵێت، هی ناكـاو مـن لەگـەڵیم، هـی ناكـاو مـن لەگـەڵی نـیم، شتەكە ببێتـە دوو بـەرە، كـە بەشـێوەیە تەفسـیری بـدرێتێ، كـە بەشـێك لەگـەڵ ئـەوەدان كـە لـەناكاو بێـت،

بەشێك لەگەڵ ئەوەدان کە لەناکاو نەبێت، ئەبێت مەبدەئەکەی جارێ چەسپ بکەین، بڵێین ئێمە دەمانەوێت، لەگەڵ حوریەتی هینایین، بەپێی دەستور، بەلاّم دەبێت ڕێك بخرێت، بۆیە من ڕەئیم وایە، احتیماله ڕەئیەکەشم بەنەزەری اعتبار وەرنەگیرێت، چونکە ئەمە ئەبێتە شێوازێکی زۆر نوێ لەیاساکانا، بەلاّم ئەم یاسایە ئەوە ئەهێنێت، خەڵك بە شێوازێکی نوێ دایرێژێت، فەیچیەکا، لە پێشا پرێنسیپەکانی بنووسە، کە ئیتر لەمەودوا لەسەر ئەو خالاّنە و لەسەر ئەو پرێنسیپانە هەموو گفتوگۆکانمان ئەکەین، ئیتر هیچ کێشەیەك دروست نابێت، پێموایە لەنێوان ڕەئیە جیاوازەکان، چونکە لە پرێنسیپەکەیا خۆی ئەبینێتەوە، ئەگەر مەجالم بدەن من پرێنسیپەکان بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بۆتان بێت،

یەکەم: خۆپیشاندان مافێکی سروشتی و دەستووریە، نابێت ڕێگای لی بگیرێت لە بەکارهێنانی.

دووەم: ڕێکخەران مافیانە جێگاو کات و، شێوازەکەی هەڵبژێرن، بەمەرجێك زیان نەگەیەنن بە مومتەلەکاتی گشتی و تایبەتی و ئازادی و ژیانی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگا پێ شێل نەکات.

یەعنی تۆ لێرە دێیت باسی ئەکەیت، هەر چ لایەك هینەکانی چیە، ئەوەی کە لە سەرشانیەتی، ئەرکەکانی چیە،

سێهەم: هێزەکانی پۆلیس ئەرکیانە کۆبونەوەو خۆ پیشاندانەکان بپارێزن، وە دابین کردنی هەل و مەرجی گونجاو بۆ ئەنجامدەرانی، هەروەها ڕێگە گرتن لە دەرچوون لە ئامانجەکانی، هەروەها بەپرسە لە پاراستنی ئازادی و مافی تایبەتی گشتیەکان، لێرەدا کە ئێمە ئەم سێ پرێنسیپەمان دانا، لەسەر ئەساسی ئەم سێ پرێنسیپە، ئەتوانین لە دوایدا درێژە بە مناقەشاتەکانمان بدەین، چونکە ئێستا پرێنسیپەکە وازح نیە، هەرکەسێك بەگومانەوە سەیری هەرچی ڕستەیەك دەکات، لەناو ئەو یاسایەدا، بۆیە لە پێشا ئەگەر پرێنسیپەکان جێگیر بکەین، هەمووما‌ن موتەفقین لەسەری، ئەوە ئەوسا قسە کردن و بەڕێوەبردنی ئەم جەلسەیەو مناقەشە کردن تیایە زۆر ئاسان تر دەبێت، ئەمە رای منە، وەلەهەمان کاتدا، لە دوایدا کە دێیتە سەر تەعریفەکان، چونکە کەتۆ وتت من ئیمانم بەوە هەیە، خۆ پیشاندان بکرێت، وەمافێکی سروشتی و دەستوریە، ئیتر لەمەودوا هیچ کەسێك بەبێ ئاگادار کردنەوەو، بەبێ هین لەخۆیەوە ئەم حاڵەتە دروست نابێت، چونکە، تۆ پێی دەڵێی من ئیمانم بەوە هەیە، کە مافی تۆیە، بەس ڕێکخستنەکەی هەیە، سەبارەت بە ئیجتیماع، تەبعەن موزاهەرە تەعبیر کراوە، لێرە بڵێین بە شێوازێکی جوان کراوە، بەلاّم لێرە تەجەموعیش هەیە، جا بەڕێزان من حەز دەکەم لێرە یەك خاڵتان عەرز بکەم بۆ ئەوەی ڕوون بێت لەلاتان، تەجەموع، مەبەست لەوە نیە یەعنی تۆ هەر دە کەس تا پانزە کەس کۆبووەوە، ئەمە پێی بوترێت تەجەموع، ئەبێ ئەو تەجەموعە ئامانجێکی لێ بکەوێتەوە، ئەبێت ئامانجێکی هەبێت، یەعنی مەعقول نیە من سبەی دەعوەتێك بکەم $30$ کەسی تیا بێت، بڵێم وەڵلاً ئەمە تەجەموعە، ئەچێتە ژێر چوار چێوەی تەجەموعەوە، نە، مەبەست لەوەنیە، تەجەموع دەکرێت جارێکی تر بەشێوازێکی تر، ئەوە بکرێت، بڵێین پێناسەی بکرێت، ئەوترێ، تجموع ثابت او متحرك لمجموعة من الافراد بهدف الى ابداء معارضة ازاء موضوع معين او دعاية له او محاولة ايقاف عمل بتشريع معين او قرار معين بهدف حشد دعم عام، یەعنی کەواتە

ئەوەی لەناو چوار چێوەی ئەم تەعریفەدایە، ئەوەی چووە دەرەوەی ئەو موباحە، خاڵێکی تریش کە بەڕاستی من لەناو ئەم یاسایەدا رەچاوم کردووە، هەموو ئەم یاسایە، ئیباحەکەو مەنعەکە ئەبێت جۆرێك لەتەوازونی تیا بکرێت، لەکوێ ئیباحەی ئەکەم،لە کوێ مەنعی دەکەم، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە دەزانن، کە دەڵێ: بۆیان هەیە ڕێپێوان لەو حاڵەتانەدا بکەن، دیار بێت و، بۆیان نیە لەو حاڵەتانەدا بیکەن، ئەویش دیار بێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك فێر بێت، عیلمی بە قانون هەبێت، پێش ئەوەی دەست بکات بە موزاهەرەیەك، بە کارێك لەبەرچاوی بێت کە ئەوە دەچێتە چوارچێوەی یاساوە، هیچ گرفتێکیش نایەتە پێشەوە بۆی، من هەر ئەوەندەم قسە هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تکایە لە قسەکردن تەوجیهی سەرۆکایەتی بکەن، ئەندامان، هەر ئەندامێك ئازادە ڕەئی خۆی بدات، بۆچوونەکەشت بە نووسراو پێشنیارەکەت بنووسە بۆ لێژنەی یاسایی بدرێتە دەستیان، ڕێزدار ئاراز، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەقەت دا من زۆر بە کورتی یەك، دوو تێبینیم هەیە هەرچەندە پێش من ئەو بابەتانە باس کران، بە ڕای من ئەگەر هاتوو کۆبوونەوە، تەجەموعات بوو بە ئەمری واقیع لە تەسبیتمان کرد، پێویستە تەسمیە بکرێ لە ناو قانونەکە بە قانونی (تنظيم المظاهرات و التجمعات العامة)، دەبێ جیاوازی بکەین لە بەینی تەجەموعاتی عام و تەجەموعاتی خاص، لێرە ئەو یاسایە پەیوەندی نیە بە تەجەموعاتی خاصە، وەك هاوڕێکانم باسیان کرد، دەربارەی خاڵی (3) لە ماددەی (1) (خۆپیشاندانی ناکاو)، ئەگەر ئەصڵی یاسا بۆ ئەوە هاتبێ، بۆ تەنزیمی کارێك، کەواتە خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەساسەن تێکدانی یاساکەیە، ئێمە بۆیە ئەو یاسایەمان داناوە بۆ تەنزیمی کارێك، ئەگەر تۆ خۆپیشاندانی لە ناکاوت هێنا، تەشریعت کرد بە یاسایەك، مەعنای ئەوەیە یاساکە خۆی ئیپتاڵ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان هەر بڕیارێك لێرە دەربچێت بۆ دانانی یاساکە تەنزیمە، ئینجا ئەگەر ئیجازە بدەی بە کەیفی خۆی بێ، کە پەرلەمان کردییە قانون، ئیصدار کرا تەنزیمە، ئەویش تەنزیمە، ئەگەر قەراریشی نەدا بەشێوەیەکی تر بوو، ئەویش تەنزیمە، یەعنی بۆ ئەوەی ئەو تێکەڵییە نەکەین، ئەگەر بڕیارێکمان دا، بە ناکاو بێ، بڵێین ئەوە تێکدەرە، ئەوە تێکدەر نیە، مادام لێرە لەو پەرلەمانە بە قانون بە نیزام دەری دەکەی، هەرچیت دانا تەنزیمە، داوای لێبووردن دەکەم، ڕێزدار برهان، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەعقیبی خۆم لەسەر ئەو یاسایە لە چەند خاڵێکدا دەخەمە ڕوو، جارێ پێش ئەوەی تەعقیب لەسەر ماددەی (1) بدەم، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە، من وەکو شەخصی خۆم، وەك ئەندام پەرلەمانێ هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم خۆپیشاندان بە یاسا تەنزیم بکرێ، ئینسان بە ئازادی لە دایك دەبێ، بە ئازادی دەژی و بە ئازادیش دەمرێ، تەقییدکردنی ئەو حەقەشی بەڕای من حەقێکە کە خوا پێی بەخشیوە، لێی بسەندرێتەوە، دووەم نوقتەم: ئەگەر هەر یاساکە دادەنرێ، من پێم باشە کۆمەڵێك پرینسیپ بێ، هەر دادەنرێ وەکو هاوڕێیەکەم وتی، ئەگەر هەر دادەنرێ من لەسەر ماددەی (1) هەندێ تەعقیبم هەیە، ماددەی (1) کە باس لە خۆپیشاندانی لەناکاو دەکرێ، من ڕەئیم وایە ئەو خۆپیشاندانی لە ناکاوە، بەڵێ بەو شێوەیە بێت، پێویستی بە ئیجازە نەبێ، چونکە ئێمە بینیومانە لە کۆتایی ساڵی 2007 دا، وەختێ دەوڵەتی تورکیا هەڕەشەی کرد، حکومەت و دەوائیرەکانی نەیاندەتوانی موزاهەرە بکەن، لە ناکاو کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆ هاتنە سەر جادەدە، زۆرجار دیقەتمان داوە لە زانکۆکاندا حادیسەیەك دەبێ، خوێندکار دێتە سەر جادەدە، گەڕەکێ ئاوی نیە بە موفاجیئی دێنە سەر جادەدە، دوێنێ وەکو هاوڕێیەکەم وتی دائیرەی لە سلفەی عەقاری دا خۆپیشاندانێکی موفاجیء بووە، لە یۆنان، لە دەوڵەتانی تریش، لە یۆنان چەند وەختە بارهەڵگرەکان مانیان گرتووە، داوای ئیجازەشیان لێ ناکەن، ئەوە دەربارەی خۆپیشاندانی لە ناکاو، دەربارەی تەجەموعی عام، من داواکارم ئەوە نەخرێتە ناو پرۆژەکەوە، لەبەر ئەوەی من یەك نموونەی بۆ بەڕێزتان دێنمەوە، لە سلێمانی شوێنێك هەیە پێی دەڵێن پارکی ئازادی، لەو جێگەیە جێگەیەکی خاص هەیە، کە سەکۆی ئازادە، بەڕێزان ڕۆژی وا هەیە سێ جار، تا چوار جار تەجەموعی تێدا ڕوو دەدات، نووسەرەکانن، ڕۆژنامەنووسەکان، یان حاڵەتێك دەبێ، یەعنی من نازانم کە ئەمە حاڵەتێکە ڕۆژانە ڕوودەدات، شتێکی ئەوتۆش نیە، یان شاعیرێ دەچی لەوێ شیعر دەخوێنێتەوە، یان یەکێ وتارێك دەخوێنێتەوە، یان مەقالەیەك، ئەمە پێویستی بە ئیجازە چیە؟ من داواکارم تەجەموع هەر لە یاساکان نەبێ، سێیەم خاڵم دەربارەی ئەمە، دەربارەی خۆپیشاندان کە تەعریفی کراوە، دەڵێ کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو یان نیمچە ڕێکخراو لە خەڵك، بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆڕەپان و شەقام و شوێنی گشتی دەڕۆن بە مەبەستی خوڵقاندنی ڕای گشتی یەکگرتوو، بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەڕێز من دەربارەی کاتێکی دیاریکراو، یەعنی (لوقت معین)، تەعقیبێکم هەیە، وشەی (کاتێکی دیاریکراو) بە ڕەئی یاسایی من پێچەوانەی حوریەتە ئەساسیەکانی ئینسانە، کە وەختی بۆ دیاری بکەی، ئەگەر سەیری ماددەی (37)ی دەستووری دائیمی عیراقیش بکەیت، دەڵێت: دەوڵەت زەمان و کەفالەتی پاراستنی تاك دەکات لە ئیکراهی فیکری، بەڕاستی وەقت فەرز کردن بەسەر خەڵکدا سەعاتێ، یان دوو سەعات، یان ئەوەندە سەعاتە دەبێ لەوێ بێت، یان دواتر ناتوانین درێژەی پێ بدەین، نەوعێکە لە ئیکراهی فیکری، ماددەی (38)، ڕاستە لە ماددەی (38)ی دەستووردا هاتووە دەڵێ: دەوڵەت کەفالەتی ئازادی ئیجتیماع و خۆپیشاندان دەکات، بە یاساش ڕێك دەخرێت کە پێچەوانەی نیزام و ئادابی عام نەبێ، بەڵام لە ماددەی (46)ی هەمان دەستووردا هاتووە، ماف و ئازادییەکان، لە نێوانیشیاندا مافی خۆپیشاندان تەقیید ناکرێ، بە

قانون نەبێ یان (بناءاً علیه)، بە مەرجێك ئەو دیاری کردنە، ئەو تەقیدە مەساس بە جەوهەری حەقەکە و ئازادییەکە نەکات، جەوهەری حەق و ئازادییەکەش حەقێکە بۆت نیە بە ڕای من وەختی بەسەردا فەرزکەی بڵێی: (لوقت معین)، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئیسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل سعید گەڵالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لە سەرەتا مامۆستا عمر ئیشارەتی پێدا، ئەگەر تەماشای ئیمزاکان بکەی، یەك دنیا تەحەفوز هەیە، یەك دنیا ڕای جیاواز هەیە، من پێموابێ بەدرێژایی ساڵێکی ئەو خولەی ئێمە، ئەمە یەکەم پرۆژە یاسایە کە بە ڕای جیاواز دێتەوە ناو هوڵی پەرلەمان، بە بێ ئەوەی لایەنی کەم، یەعنی نزیك بوونەوەیەك هەبێ لەسەر پرۆژە یاساکە، من پرسیارەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە کە یاسایەك ئەوەندە گرنگە بۆ پەلەی لێ بکرێ، یەعنی با هەفتەیەك، با (10) ڕۆژی تر لە ناو ئەو لێژنانە بەڕاستی گفتوگۆی لەسەر بکرایە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر ئەو پرۆژە یاسایەیان دەوڵەمەند بکردابایە، لەسەر خۆپیشاندانی لە ناکاویش بە هەمان شێوە، پێموایە خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەمری واقیعە، یەعنی شتێك نیە بەرنامەت داڕێژراو بێ، تۆ یاسای بۆ دەردەکەی، یان یاسای بۆ دەرناکەی، قەید و شەرتی بۆ دانێ، قەید و شەرتی بۆ دانەنێ، ئەوە شتێکی موفاجیئە دێتە پێشەوە، لەبەر ئەوە کە تۆ دەیخەیتە ناو یاساکەوە، لە حاڵەتی دروست بوونی، ئەو حاڵەتانە کە دێتە پێشەوە، جیهەتی مەعنی ئۆتۆماتیکی دەبێ بێتە سەرخەت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە لێرەدا تۆ یاسایەکت دەرکردووە، کێشەت دروست کرد لەجیاتی ئەوەی کە کێشەیەك چارەسەر بکەی، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی منیش خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو پرۆژە یاساکەدا دەربهێنرێ، چونکە ئۆتۆماتیکی دروست دەبێ، شتێکی عەفەوییە، کە دروستیش بوو جیهەتی مەعنی بە هەمان شێوە دەبێ ئیجرائاتی قانونی خۆی بکات بە پێی یاساکە، لەو حاڵەتەدا کێشە دروست دەبێ، چونکە خۆپیشاندانی لە ناکاو عادەتەن جۆرێ توند و تیژی پێوە دیارە، سەبارەت بە کۆبوونەوەی گشتی، منیش بە هەمان شێوە پێموایە کۆبوونەوەی گشتی بەڕاستی پێویستی بە ئیجازە و بەو شتانە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەلەمان لێ نەکردووە، بۆ ئاگاداری بەڕێزت، لە (2009/11/17) خوێندنەوەی بۆ کراوە، لە (2009/11/19) ئاراستەی لێژنەکان کراوە، ئێستا (2010/11/1)یە خوا سەلامەتت بکات، سوپاس، ڕێزدار پەیمان خان، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من سەرەتا لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشەکە قسە دەکەم، پێموابێ قسەکردنێکی زۆری ئێمە تۆزێك بابڵێین تێکەڵاوی پێوە دیار دەبێ، لەسەر مەسەلەی تەجەموع، لە ئەصلدا لە ڕاپۆرتەکەوە هاتووە، چونکە تاکە خاڵێك کە لەو ڕاپۆرتەدا ئیشارەتی پێدرابێ کە ئیجماع هەبووە لەسەری، ناوی پرۆژەکە بووە کە تەجەموعاتی عامە، کۆبوونەوە گشتییەکانی لێ دەرهێندراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئیشارەتیشی پێدراوە کە ئەوە دەرهاتووە بە ئیجماعی هەرچوار لێژنەکە، لە هەموو خاڵەکاندا دانراوە تۆ وەکو ئەوەی ئەو (أولاً)ی دانراوە هیچ ئیعتیبارێکی نەبووبێ لە کۆبوونەوەکاندا، بۆیە ناچار هەموومان بچینەوە سەر ئەوەی کە قسە لەسەر کۆبوونەوە گشتییەکان بکەینەوە، من سەرەتا قسەم لەسەر ناوەکە هەیە، کە پێموایە دەبێ وەکو ئەو ئیجماعەی هاتووە بە تەنیا هی خۆپیشادان بێت، چونکە کۆبوونەوەی گشتی دەمانباتە بەردەمی زۆر حاڵاتی تر، کە ڕەنگە وەکو هاوڕێکانی پێش خۆم باسیان کرد، هەندێ کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کلتووری و هەموو ئەوانەی لێ بکەوێتەوە، کە ئەوانە ئیمە چوارچێوەیەکی بابڵێین کە خۆی لە ئەصڵدا حەق نیە چوارچێوەیەکی ناحەق بۆ هەندێ کۆبوونەوە دادەنێین کە لە ئەصڵدا پێویستی بە قانونێك نیە چوارچێوەی بۆ دابنێ، لە دوای ئەوەوە من قسەم لەسەر بابڵێین پێناسەی خۆپیشاندان هەیە، کە ئەگەر ئێمە خۆپیشاندانی لە ناکاوی لێ دەربکەین، یەکەم: ئەو مافە دەستوورییە بۆ خۆپیشاندان بابڵێین بەر تەسك دەکاتەوە، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین وەکو ئەوەی بابڵێین لە ئەسباب مووجەبەکەشدا ئیشارەی پێدراوە، خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە، کەواتە تۆ ئەگەر بە تەنیا لەو ڕێکخراو، یان نیمچە ڕێکخراوەدا بیهێڵێتەوە، بە تەواوەتی مەسەلەی مافە دەستوورییەکان کە بۆ خۆپیشاندان دەیخەیتە ژێر پرسیارەوە بە قانون، جگە لەوەی کە ئێمە دەبێ ئیعتیراف بە واقعێك بکەین کە خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەمرێکی واقعە، مەرج نیە هەموو خۆپیشادانێکی لەناکاویش بۆ مەبەستێکی سیاسی بێ، لەوەدا من دێمە سەرخاڵێك، کاتێ کە قانون، بۆ نموونە قانونی عقوبات کە داڕێژراوە، بۆ خراپترین جۆری تاوانەکان کە کوشتنە، عونصوری ئیستیفزاز بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، ئەحکامی تایبەتیشی پێ دەرکراوە، باشە ئێمە بۆ بۆ خۆپیشاندان؟ بۆ عونصوری ئیستیفزاز بە دوور بگرین؟ بۆ تەصەور نەکەین؟ ڕەنگە کۆمەڵێك کرێکار، ڕەنگە کۆمەڵێك خوێندکار، ڕەنگە کۆمەڵێك ژن، ڕەنگە کۆمەڵێك گەنج، کۆمەڵێك لە چین و توێژەکانی جیا جیا لە بەرامبەر بڕیارێکی ئیداری، لە بەرامبەر بڕیارێکی سیاسی بکەونە ژێر عونصوری ئیستیفزازەوە، لەو دەقەیەدا بێ با بڵێین خۆ ئامادە کردن بە بێ تەنزیم کردن قەراری خۆپیشاندان بدەن، مەعقولە ئێمە لە تاوانێکی گەورەی وەکو کوشتندا، عونصوری ئیستیفزاز بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین و ئەحکامی موخەففەی بۆ دابندرێ، بەڵام لێرە لە خۆپیشاندان دا ئەگەر کۆمەڵێك کرێکار کەوتنە بەر هەڕەشەی دەرکردنەوە لە کارگەکەیان، ئێمە عونصوری ئیستیفزازیان لێ وەربگرینەوە، بڵێین جارێك بڕۆنەوە ماڵەوە گوێ لە دەرکردن و نان بڕینەکەتان مەگرن، قەرار بدەن دوای (48) سەعات، دوای مانگێگ قەراری خۆپیشاندان بدەن، ئەوە مومکین نیە لە قانوندا تۆ ئەو عونصورە بێنیتە دەرەوە، مومکین نیە تەصەور بکەی هەموو خۆپیشاندانێکی لە ناکاو مەسەلە لێی فەوزایە، چونکە ئێمە ڕەنگە شتێك لە باکگراوندی

فیکریمان دا چەسپیبێ، کە هەموو خۆپیشاندانێکی لە ناکاو دژی دەسەڵاتە، یان مەبەستێکی سیاسی لە دواوەیە، ئێمە تەڵەبە و کرێکار و ژن، ئەوانەمان هەموو لە مێشکی خۆماندا کردۆتە دەرەوە کە موناقەشەی ئەو قانونە دەکەین، جگە لەوەی کە باس لەوەکرا کە هاوڕێیەکم پێموابێ سۆزان خان بوو باسی ئەوەی کرد کە مەفرووزە ئێمە پرینسیپ دابنێین، بەڕاستی وایە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ڕاپۆرتەکەی لێژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، بە وازحی، بە ڕۆشنی پرینسیپی داناوە بۆ مەبادیئی خۆپیشاندان کە ئێمە لە چ چوارچێوەیەك دا قسە لەسەر خۆپیشاندان دەکەین؟ سوپاس، من قسەکانم تەواو بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کوێستان خان، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەك هاوڕێکانم پێش خۆم ئیشارەتیان پێدا، کە مەسەلەی خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە بە پێی بڕگەی (3)ی ماددەی (38)ی دەستوور، بە پێی یاسا ڕێك دەخرێ، دیارە لەو یاسایەدا دەتوانێ تەعریفی خۆپیشاندان بکات، لە خۆپیشاندانی لە ناکاویش بکات، واتە یاساکە تەنها بە گشتی بۆ خۆپیشاندانێکی موعەیەن نیە، دەکرێ لەو یاسایە، یاخود خۆپیشاندانی لە ناکاویش تەعریف بکات، بۆیە ڕێگری دەستووری نیە لەوەی کە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو ئەو یاسایەدا بوترێ، منیش هەمان ڕای هاوڕێکانم هەیە، کە پێویستە خۆپیشاندانی لە ناکاو بنووسرێ، چونکە واقعێکە و هەیە، چ بە نیسبەت ئەوەی کە هاوڕێم مامۆستا عمر باسی کرد، زۆرجار مەسەلەیەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی دێتە پێشەوە کە پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە هەرێم هەیە کە ڕەنگە فریای مۆڵەت و ئاگادارکردنەوە نەکەوێ، زۆرجاریش وەك ئەوەی هاوڕێکانم باسیان کرد، مەسەلەیەکی (طارئ) بێتە پێشەوە کە ئەو کەسانە واقعێکە کە ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان ناکەنەوە، ئایا ئەوانە سزا دەدرێن؟ بۆیە من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێ خۆپیشاندانی لە ناکاو هەبێ و هیچ ڕێگریەکیش نەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ مەسەلەی کۆبوونەوەی گشتی، دیارە منیش پێموایە کە کۆبوونەوەی گشتی لە یاساکە دەربکرێ، چونکە ئەو تەعریفە کە کراوە کۆبوونەوەی گشتی ئامانجێکی تایبەتی هەبێ، جاری وا هەیە حیزب کۆبوونەوە دەکات، ئامانجێکی گشتی هەیە، ئایا ئەوەش دەبێ ئیجازە وەرگرێ، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کۆبوونەوە سیمینارەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی بۆ ئامانجی گشتی یە، ئایا هەموو کۆبوونەوەیەك کە ڕێکخراوێك دەیکات پێویستی بەوە هەیە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکاتەوە؟ جا وەرە سەر کۆڕی شیعری و کۆڕی ئەدەبی و هەموو ئەوانە، کە ئامانجی گشتی تێدایە، بۆ هەموو ئەوانە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکرێتەوە، بۆیە ئەوە دەمانخاتە بەردەمی مەسەلەیەك کە لەو هەرێمەدا هیچ کۆبوونەوەیەکی گشتی نەکرێ، زۆرجار بە کۆبوونەوەی حیزبی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشەوە، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم کە کۆبوونەوەی گشتی لە یاساکە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیام خان، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیام أحمد محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من قسەکانم زۆر بە کورتی دەکەم، چونکە هاوڕێکانم هەمووو شتەکانیان بە وازحی باس کرد، یەك لەگەڵ ئەو پێشنیارەی وەزیر، کە باسی عینوانی یاساکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا جیاوازی هەیە، ئەو تەجەموعاتە کە موتەفیق بوون هەرچوار لێژنەکە کە خۆپیشاندان تەجەموعاتی لەگەڵ دا نەبێ، دوو: لەسەر ئەوەی خۆپیشاندانی کت و پڕ، ئەوە دیارە واقعێکە هەیە، ئەو واقعە من هەر ئەوەندە دەڵێم دیارە برادەران زۆر بە وازحی باسی ئەو واقعەیان کرد، ئەوە واقعێکە هەیە و دەبێ لە یاساکەدا چارەسەری بکەین، کەواتە زەڕوورە ئێمە لەو یاسایە پێناسەیەکی بکەین ئەو خۆپیشاندانە چۆنە؟ کە ئەوە لەسەر حکومەتە لە هەموو شتێکدا خۆی پارێزگاری لەو مەسەلەیەدا بکات، سێ: لەگەڵ ئەوەدا نیم کۆبوونەوەی گشتی لە زیمنی یاساکەدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار جعفر کەرەمکە.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش پشتیوانی لەو هاوڕێیانەم دەکەم کە لەگەڵ ئەوەن خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو یاساکەدا هەبێت، ئێمە بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو مەرج نیە تەنها دیوە سلبیەکەی ببینین، بەڵکو ڕوویەکی ئیجابی و دیوێکی ئیجابیشی هەیە، زۆر نموونە باس کران کە لەواقیعی ئەوڕۆی سیاسی هەرێمی کوردستان دا زۆرجار خۆپیشاندانی لەناکاو دەکرێ، جار هەیە لە مانگێك دا چەند جار دووبارە ببێتەوە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە، چ زیانێکی ئەوتۆشی نە بە سیستەم و نە بە ئادابی گشتی لەو وڵاتەدا نەگەیاندبێ، من یەك نموونەی ترتان دەدەمێ، کاتێك بڕیاری ڕووخاندنی فوتابخانەیەك دەدرێ کە لە یادەوەری سەدان و هەزاران کەسی خەڵکی سلێمانی دا جێگایەکی گەورە و گرنگی داگیر کردووە، لە زاکیرەی ئەوان دا ماوەتەوە، کاتێك ئەو بڕیارە دەدرێ ئەگەر تۆ بەتەما بیت لە ماوەی (48) سەعاتدا تاوەکو مۆڵەت وەردەگری، تاوەکو ڕێگات پێ دەدرا بەرپرسیەکەی ئیدارییەوە، فوتابخانەکە لە شەودا دەرووخێندرێ، یەعنی کەمتر لە ماوەی ئەو مۆڵەت وەرگرتنە فوتابخانەکە دەڕووخێندرێ، بۆیە حاڵەتی وا دێتە پێشت لە کوردستان دا، کە هەندێك جار ڕەنگە لە عەقلی ئێمەش دا نەبێت بەڕاستی، بۆیە خۆپیشاندانی لە ناکاو ئێمە لەگەڵ ئەوەین ڕووە

ئیجابییەکەی وەربگرین، نەك ڕووە سلبیەکە، مەرجیش نیە هەموو خۆپیشاندانێکی لە ناکاو سلبیاتی زۆری هەبێ، زۆرجار ئیجابیاتی زۆری هەبووە، هەروەها بەشێکە لە ئازادییەکانی ئینسان، مەسەلەی تەجەموعیش من پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم، لە عینوانی یاساکەدا لادراوە، هیچ زەڕوور نیە لە مەزموون و ناو قانونەکاندا بەڕاستی جارێکی تر ناویان بهێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەم تەجەموع مافێکی هەر ئینسانێکە، هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی، چینێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی یە کە تەجەموع بکات بە مەبەستێکی دیاری کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زانا کەرەمکە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێ خاڵەکان و تێبینیەکان کۆبکەمەوە سەر ئەو دوو تەوەرە سەرەکییەی کە ناکۆکی زیاتر هەیە، جۆرە خیلافێکی ڕەئی هەیە لەسەر ئەو تەوەرانە، من پێش وەخت پشتگیری لە پرۆژە یاساکە دەکەم، لەبەر هۆیەکی زۆر سەرەکی، یەك: لەبەر ئەوەی لە ڕووی دەستوورییەوە ڕێگەت پێ دەدرێ کە تۆ بە یاسا ڕێکی بخەی، دوو: بەڕاستی بۆ ئەوەی دەربازیش بین لەوەی کە چیتر وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی دەرنەکات، چونکە ئەو ڕێنماییە لە ($4/20$)دا دەرکراوە، ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان قورستر بێ لەوەی کە بتوانی بە ڕێنماییەك تەنها تۆ ئەرکی ڕێکخستنی خۆپیشاندانێك کە مافێکی دەستوورییە ڕێکخرابێ، بە بڕوای من جوانترین ئەسباب موجەبە کە تا ئێستا نووسرابێت، بۆ ئەو یاسایە نووسرابێت، یەعنی ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە کە بە بڕوای من بەرچاو ڕۆشنێکی زۆر باشی داوە، کە ئامانج لە دەرکردنی ئەو یاسایە هەموو ئەهدافەکانی تیادا تەحدید کردووە، دەکرێت ئێمە لەسەر ئەوە کۆببین، کە ببێتە پەیامێکی زۆر سەرەکی وەکو حەقێکی دەستووری بیناسێنێ، لە هەمان کاتدا ڕێگەی داوە بۆ زەمانەتێك بۆ حەیاتی دیموکراتی، زەمانەت کردنی ئەوەی هاووڵاتیانیش بەرژەوەندییەکانی خۆیان، یاخود تەعبیر کردن لە ڕایەکانی خۆیان، وەکو بەشێك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە هەمان کاتدا وەکو بەشێك لە موشارەکەی سیاسی لە کۆمەڵگادا، بێینە سەر باس کردنی دوو تەوەرە سەرەکییەکان، یەکێکیان تەجەموعی عام و دووەمیان موزاهەرەی (مفاجیء)، من لەگەڵ هاوڕێیانم لە هەرچوار لێژنەکەدا بەڕاستی گفتوگۆی زۆری لەسەر ئەو بابەتەمان کرد، دەبێت ئێمە تەجەموعی عام لە مەوزووعی موزاهەرە جیا بکەینەوە، ئەگەر تەجەموعی عام بەشێکە، بەشێکی دانەبڕاوە لە زیمنی موزاهەرەکە، قەی چی دەکات؟ با تەجەموعەکە هەبێت، یەعنی هەموو کاتێك موزاهەرە تەجەموع لە خۆ دەگرێت، بەڵام مانای ئەوە نیە هەموو کاتێك تەجەموع موزاهەرە بێت، یەعنی ئەو بەراوردە بکەین، تەبیعەتی موزاهەرە صیفەتێکی موتەحەریکی هەیە، لە پێناسەکەشدا ئەوها نووسراوە دەڵێ: یسیر، واتا خەڵکەکە دەڕوات تەجەموع دەکات، واتا خەڵکەکە کۆ دەبێتەوە، موزاهەرە دەکات، دەچێ لە شوێنێکدا کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی پەیامێکی خۆی بگەیەنێتە دەست

جیهەتێکی دیاری کراو، بەڵام تەجەموع صیفەتێکی سابتی هەیە، یەعنی ئەگەر تەجەموع هەبوو لە پێناوی تەجەموع دا بە هیچ شێوەیەك نابێ لە ناو ئەو یاسایەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر تەجەموعێکمان هەیە وەکو جوزئێك لە موزاهەرە، بە من دەڵێ سبەی سەعات ئەوەندە کۆ دەبینەوە لێرەدا بۆ ئەوەی کە بچین بۆ موزاهەرەکە، ڕێپێوانەکە دەکرێت و پاشان لە شوێنێکی تردا کۆ دەبنەوە، ئەوە زۆر ئاساییە، واتا تۆ لە هەردوو حاڵەتەکە پێویستت بە کەلیمەی تەجەموع نیە، یەك لەبەر ئەوەی ئەگەر تەجەموع وەك بەشێك لە موزاهەرەکە بێت کە لە ناو پێناسەکەی موزاهەرەکەدا خۆی ئیشارەتی پێدراوە، دووەمیان: ئەگەر تەجەموعێك بەشێك بێت، واتا من بۆیە کۆدەبمەوە بۆ ئەوەی کۆ ببمەوە، لەو حاڵەتەدا تۆ هیچ زەرووڕەتێك ناکات، چونکە صیفەتێکی سابتی هەیە، لەو کاتەدا بوونی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەبەر هەر سەبەبێك بێت، واتا ئیشعار کردنەکەی چ ئەهمیەتێکی نامێنێ، کە تۆ ئاگادری بکەیتەوە بۆ ئەوەی کە بۆ ئەو تەجەموعە دەکرێت؟ بۆیە من زۆر پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم کە (إذا كان التجمع لغرض التجمع فهو لايحتاج إلى تعريف)، یەعنی پێویستمان بە تەعریف نیە لەسەر ئەو حاڵەتە، بەڵام ئەگەر تەجەموعەکە بەشێك بوو لە موزاهەرەکە، کەواتە بەشیك بوو لەسەر عەمەلیە موتەحەریکەکە، ئەگینا کۆبوونەوەی خەڵکێك لە پارکێك دا، کۆبوونەوەی خەڵکێك لە مەیدانێك دا، بۆ نموونە هونەرمەندێك بێت ئاهەنگێك بکات، بەڵام ئاهەنگەکە لەوانەیە پەیامی سیاسی هەبێت، خۆ تۆ ناکرێت بڵێی ئەوە شتێکی تایبەتە، دووەمیشیان: جیاوازی کردن لە نێوان تەجەموعی عام و تەجەموعی خاص تەنها بە هەدەفەکەی جیادەکرێتەوە، من بە چی بزانم ئەو تەجەموعە خاصە؟ یان ئەو تەجەموعە عامە؟ بێگومان هەدەف لەو شتە چیە؟ بە نەتیجەکەی؟ بەڵام لە کۆتایی دا ئەو خەڵکە لەوێدا کۆبۆتەوە، یەعنی ئەوە تەجاوزی شوێنێکی نەکردووە بڕوات و وەکو ئەوەی بڵێی هەدەف لە قانونەکە ئەوەیە کە نەوەکو ئیخلال بکات بە نیزامی عام، ئەوە ئیخلال کردن بە نیزامی عامی تیایدا دروست نابێت، دووەمیان: بە نیسبەت عونصوری موفاجەئە کە باسی موزاهەرەی موفاجیئە دەکرێ، ئەوەش یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە دەبێ موناقەشە بکرێ، واقیعە و وجودی هەیە، من پشتگیری ئەو ڕایانە دەکەم کە دەڵێ: واقیعە و وجودی هەیە، لە هەمان کاتدا بۆ ئێمە ئەو شتە وەکو جسمێکی غەریب سەیر دەکەین، لە قانونی عقوباتی عیراقیدا ئەگەر سەیری حاڵەتێك بکەین پێی دەوترێ ئەسبابی ئیباحە، یەکێك لە حاڵەتەکان پێی دەوترێ حەقی دیفاعی شەرعی، دەڵێ: ئەگەر یەکێك هجومی کرایە سەر مەجالی نەبوو سوڵتات ئاگادار بکاتەوە، خۆی دەتوانێ ئەو ئیشە بکات، مانای ئەوەیە دەتوانێ ئەو کەسەی هێرش دەکاتە سەری بیکوژێ، واتا ئەو تەصەروفە قانون ڕێگەت پێ دەدات، لە کاتێکدا تەصەروفەکە نەتیجەی کوشتنە، واتا خۆی جەریمەیە، بەڵام تۆ باسی عونصوری موفاجەئە دەکەی لە حاڵەتی موزاهەرە کردندا، یەعنی ئەصڵەن ئەو ئیشەی کە تۆ بەکاری دەهێنی موباحە، واتا شتێك نیە ڕێگە پێ نەدراو بێ، ئەصڵەن بابەتەکە ڕێگە پێدراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆ ناتوانی وەکو پێویست ئیبلاغی جیهاتی مەعنی بکەی، واتا تۆ مافێکی خۆشت بە کار دەهێنی، بەڵام ناتوانی ئاگاداری بکەیتەوە، دەکرێت تەقیدی بکەی، بڵێی بە مەرجێ عونصوری موفاجەئە موتەوەفیر بێ، عونصوری

موفاجەئە لە ڕووی قانونییەوە تەنزیم کراوە، واتا ئەوە ئەوەندە شتێکی غەریب نیە لای ئێمە بڵێین کامەیە عونصوری موفاجەئە، لەوانەیە هەر چ کەسەك بێت و بڵێت موفاجەئە، نەخێر لە قانوندا عونصوری موفاجەئە عەناصرەکانی تەحدید کراوە کە تۆ ناتوانی وەکو پێویست ئاگاداری جیهاتی مەعنی بکەیتەوە، ئاخیر قسەشم لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە بۆ زۆر بێین قسە بکەین لەسەر عونصەری موفاجەئە؟ خۆ ئێمە جارێ نەکەوتووینە سەر ئەوەی ئایا ئەصڵەن خودی موزاهەرەکەش پێویستی بە ئیجازە هەیە؟ یاخود پێویستی بە ئیجازە نیە؟ چونکە ئەوەش ڕەئیەکی ترە کە مەحەلی خیلافە لە بەینی خۆماندا، ئەگەر ئێمە ئەصڵەن دوایی ئەگەر توانیمان کۆدەنگییەك دروست بکەین لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئەصڵەن لە خۆپیشاندانادا پێویستمان بە ئیجازەش نیە، کەواتە ئەو بابەتە بەرە بەرە سەرە داوەکانیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان، کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە زۆر لە قسەکانم کران، بە نیسبەت ناوی پرۆژە یاساکە دەڵێم: من لەگەڵ ئەوەم کە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان بمێنێتەوە، چونکە لەبەر ئەوەی لە ناو پرۆژە یاساکە زۆر باسی کۆبوونەوە گشتییەکان کراوە، بەڵام بە نیسبەت پێناسەی کۆبوونەوە گشتییەکان کەم دەبینم، زۆر ڕوون نەکراوەتەوە، چونکە کۆبوونەوەی گشتی زۆر شت دەگرێتەوە، کۆنگرەیە، سیمینارە، ئەوانەش ئەگەر هاتو نەما، پێویستە ئەوەش نەمینێت لە ناویدا، ئەگەر نەماش پێویستە یاساکە هەبێ دەربارەی کۆبوونەوەی گشتی، بە نیسبەت ئەوەش خۆپیشاندانی لە ناکاو، ڕاستە خۆپیشاندانی لە ناکاو هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەنیم کە عوزرێك ببیننەوە بڵێن کاتمان نەبوو ئێمە بۆیە خۆپیشاندان دەکەین، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە فێرکردنی خەڵکە لەسەر پلان و بەرنامە برۆن، کە بەڕێز کاك زانا دەڵێ: هێشتا باسی مۆڵەت و ئەوە نەکراوە، بەڵام باسی ئەوە کراوە کە دەڵێ: کاتمان نیە بچین مۆڵەت وەربگرین، بۆیە بۆ من خۆپیشاندان ئەگەر لە ناکاو بێ یان لە ناکاو نەبێ هەر خۆپیشاندانە، پێویستی بە مۆڵەت و ئاگادارکردنەوە هەیە، ئەوەش بۆ پاراستنی ژیانی ئاسایی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا خان کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە من دەیبینم لە یاسا هەرە زیندووەکانە کە تا ئێستا ئەو ساڵ پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکی گرنگی دیموکراسین، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی

گرنگیـان هەیـە لـە دەوڵەمەنـد کردنـی ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کلتـووری، وامـان بـە بـاش زانـی هەریـەکێکمان بـەش بـە حـاڵی خۆمـان بـە ڕا وەرگـرتنی لێژنـەکان و کۆمـەڵگای مـەدەنی ئیشکردن لەسـەر مافێکی سروشـتی ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـە دەسـتووردا هـاتووە، چۆن ئێمـە موزاهـەرە بکـەین؟ موزاهـەرە بـۆ دەکرێ؟ وشەی موزاهەرە لەگەڵ تەزاهور خۆی فەرقی هەیە هەروەکو بـاس کـراوە، فەرقیشـی هەیـە لەگـەڵ تەجەموعات، ئێمە لێرەدا دێین، بەڕای من لێرە لەگەڵ ئەوەم کە تەنزیمی موزاهەرات بە یاسا بکرێت، هیچ کۆبوونەوەیەك کە دەکرێت، کە مەبەستی هەبێ ئەگەر بێت و تـەنزیم نـەکرێت، ئـەو ئامانجـە ناپێکێـت کـە ئێمە بۆی دەسـتەبەر دەکـەین، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر تـەنزیمی موزاهـەرات و ئیحتیجاجی سلمی بێتـە نـاوی، وابزانم مومکینە هەندێ شتی پێویستی بە قسەکردن و گفتوگۆکردنی زیاتر دەبێ، بەس ئەگەر ئـەوە بکـرێ باشە، لەلایەکی تر مـن پشـتگیری لـە سـۆزان خـان دەکـەم لـە هـەموو ئـەو پرینسـیپانەی کـە باسـیان کـرد و خاڵەکانی کە دابندرێت، بەڕاستی لێرەدا بۆ دانانێکی یاسایی، بۆ خزمەتکردنی ئەو تەوەرە گرنگە کـە لـەناو کوردستاندا بە زاهیرەیەکی زۆر زۆر سلمی و دیموکراتی لە قەلەم دەدرێ، لە زۆر وڵاتـان سـەرۆکی پەرلـەمان موزاهەرە بە دوای نیوەڕۆیان دەکرێ، کات زۆر زۆر گرنگە بۆ موزاهەرە، شوێن گرنگە، کە زۆرجـار ڕا هەیـە کە دەڵێ: ئەوانە زۆر زۆر گرنگ نیە، نەخێر، من هـەر ئـەوە نیـە کۆمەڵـە گـەنجێك وا لـێ بکـەن چەواشـەی بکەم و بیهێنمە سەر جاددەکە، چ وەختێك دەیهێـنم؟ لـە کولیەیـە، شـتی هەیـە، ئامـانجی هەیـە، حـەقێك و مافێکی سروشتی خۆیەتی، بەڵام لەو وڵاتانە بۆ لـە دوای نیـوەڕۆ دەیکـەن؟ نایانـەوێ کـار کردنەکـەیان تێـك بچێ، نایانەوێ ئیشەکەیان تێك بچێ، نایانـەوێ پێشـکەوتنی وڵاتەکـەیان بـە شـێوەیەك ئاراسـتە بکـرێ، مـن لەگەڵ ئەوەم تەنزیم هەبێ لە هەموو شتێکدا، کە دەڵێین لە ناکاو، موزاهەرەی لـە ناکـاو مـن نـازانم یـەعنی دەتوانم بڵێم هەیە ڕاستە، بەڵام ئایا هەموو بوونێك تەواوە؟ دەبێ ئێمـە بڵـێین ئـەوە شـتێکی باشـە هەیـە؟ نـەخێر من دەڵێم لـە ناکـاو زۆرجـار هەیـە ئینسـان ئیسـتیفزاز دەبـێ، کارێـك دەبـێ، بـەڵام هـەموو لـە هـەر شوێنێك ئیستیفزاز بووبێ، گەورەیەك لەو شوێنە هەیـە، کـە دەبـێ تـۆ لـە پێشـدا لـە مێشـکی خۆتـدا لێکـت داوەتەوە بۆ تۆ موزاهەرە دەکەی؟ مومکین نیە وەکو ئـەوەی کـە دەڵـێن یـەعنی هەرچـەندە نامـەوێ بچمە دەرەوە لە تەوەرەکە، ئەوەیان بۆچوونێکی هەیـە، ئـەوەیان بۆچـوونێکی هەیـە، ئـەوەیان حیزبێکـە، خـەڵکی سەربەخۆنە، من لەگەڵ ئەوەنیم سەربەخۆیی، سـەربەخۆیی هەیـە لـە بیرکردنـەوەی ئـازاد، عـەفوو، لەبـەر ئەوە لە ناکاو، ناوی لە ناکاو لە ئەصڵی پرۆژەکەدا دەبێ بە یاسا دابندرێ، چونکە دەبێ (علی الأقل) شـەش سـەعاتێك هـەبێ کـە بـوترێ بابـە ئێمـە لەبـەر ئـەو شـتە دەمانـەوێت بکـەین، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر وجودی نەهێڵین، من لەگەڵ ئەوەنیم کە وجودی نەبێ، هەیە بەڵام دەبێت لە ژێر ئەو شیعارە نەبین، هەر شتێکمان ویست بیکەین و ئیشعار نەکەین بڵێین وەڵڵا لە ناکاو من بە عەقڵم داهات بیکەم، باشە ئەی ئەگەر ئەوانەی کە کۆدەبنەوە لەگەڵ یەکتری بۆ ماددەیەکی هۆشبەر، عەقڵیان گرتیە هەموو لەگـەڵ یـەك تەجـەموع بکـەن بەیەکـەوە، ئایـا ئـەوە تەجەموعـە نـاوی چـی لێـدەنێین؟ لەبـەر ئـەوە ئەگـەر بێـت و یاسایەکی تایبـەت بـۆ تەجـەموع هـەبێ خـراپ نیـە، ئەگـەر لـە نـاو ئەوەشـدا لەگـەڵی ئـەوەبین هـەبێت، دەبێـت لـە نـاو یاسـاکە

دەستنیشان بكرێ چۆن تەجەموع دەكرێ؟ تەجەموع لە خۆیەوە هەر بۆ تەجەموع كردن، بۆ ئەمنیەتی ولآت و بۆ پێشێلكردنی مافەكانی هەر كەسێ كە دەیەوێت بچێت تەجەموع بكات بۆ كارێك، دەبێت پرینسیپێكی تایبەتی خۆی هەبێت، من ئەوەندە بوو پێشنیازەكانی كە هەمبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار جمال تاهیر، كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە شێوەیەكی گشتی، ئەو یاسایە یاسایەكی زۆر باشە، ئەگەر بێت و پەسند بكرێت لای پەرلەمان، چونكە ئەگەر سەیری كۆمەڵ بكەن زۆر بیرو بۆچوون هەنە سەبارەت بە كۆمەڵ، من ناڕۆمە تەفاصیلی بابەت و كۆمەڵایەتی، شكل عام من لەگەڵ ئەوەمە صیغەی (التجمعات العامە) لەگەڵ ئەو پرۆژە بێتە خوارەوە، یەعنی قانون (المظاهرة و التجمعات العام) بێت، چونكە ئەگەر بێن و دیارە كە پێناسە لێرە درا، ئەوەیە كە دەڵێت (حشد من الناس) أو (جمع من الناس)، تەجەموعیش (جمع من الناس)ە، ئێمە ئەگەر بێین سەیری دەستووری عیراقیش بكەین بابەتی كۆبوونەوە گشتییەكان تێدا، (التجمعات العامة)ی تیایە، بۆیە پێویستە ئەو دەستەواژە لە ناو ئەو یاسایە بمێنێت، ئێمە لە ئەصڵدا ئەگەر بێن و سەیر بكەن، (مظاهرة) كە شتیكمان لەبیر چوو، هەرچەندە لەناو یاسا زۆر نەهاتووە، (التظاهر والمظاهرات)ئالێرەدا وشەی (تظاهر)مان لەبیر چووە، (مظاهرة) تەحصیل حاصلە، بۆیە من پێشنیار دەكەم، خاڵێكی تەعریفی، لەگەڵ ماددەی یەكەم ئیزافە بكرێت، بڵێین، (التظاهر حق دستوري لجمیع مواطني الاقلیم، والفعالیات السیاسیة، والاجتماعیة المجازة قانوناً، التمتع بهذه واللجوء الیه للتعبیر عن ارادتها في اطار القانون والاداب والنظام العام) ئەمە خاڵی یەكەم كە بێتە خوارێ، ئەگەر بێت و تەعریفی موزاهەرە بكەین، ئەوە زۆر باسی باری لەناكاو كرا، من دەڵێم موزاهەرە ئەگەر بێت و بێتە پێناسە كردن، ئەوە (جمع منظم او شبە منظم، من الناس یأخذ شكلە الاعتیادي او المفاجیء) لێرە ئەتۆ موفاجیئی و ئیعتیادی دەخەیتە ناو بابەت،( في المیادین والشوارع والاماكن العامة، بشكل سلمي لتحقیق هدف معین ویزول بزوال هذا الهدف) ئەگەر هاتو ئارمانجەكە جێ بەجێ كرا، دەبێت ئەم موزاهەرەیە تەفریق ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێشنیارەكەت بە نووسین ئاراستەی لیژنەی یاسایی بكە، دكتۆر حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم هەركارێك پەیوەندی بە مافی چەند لایەنێكەوە هەبێت، ئەبێ بەیاسا ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەی هیچ لایەك حەقی لایەنەكەی تر نەخوات، لەم یاسایەدا چوارلایەن مافیان هەیە، یەكەمیان: مافێكی گشتی كە مافی سروشتی و دەستووریە، كە هەموو خەڵك بەتاك و بە كۆمەڵ حەقی

خۆپیشاندانیان هەیە، دووەم: ئەوانەی کە خۆپیشاندان دەکەن، هەروەکو لەیاساکەدا هاتووە مافیان هەیە کە کیانیـان پـارێزراو بێـت و بگەنـە شـوێنی مەبەسـتی خۆیـان، سـێیەمیان: لایـەنی پەیوەندیـدار کـە وەزارەتـی ناوخۆیە بەپێی یاسا مولزەم کراوە کە ئەمنیەت بپارێزێت، پێویستە ئەویش ئـەم ئەرکـەی خـۆی جێبـەجێ بکات، چوارەم: خەڵك بەگشتی کە پێویستە گیانیان و ماڵ و موڵکیان پارێزراو بێـت، دوو: مەسـەلەی بـوونی یاسا مەبدەئی دیموکراسیەت لەکەدار ناکات، بەڵکو لەهـەموو وڵاتـانی دیموکراسـی یاسـا سـەروەرەو پێویسـتە شـتەکان بەیاسـا ڕێـك بخرێـت، خـاڵێکی تـر بەنیسـبەت ئـەوەی کـە دوو پرۆژەمـان هەیـە، لەسـەر ناوەکـەی یەکێکیان بە خۆپیشـاندان و ئـەوی تریشـیان بـە خۆپیشـاندان و کۆبوونـەوە گشـتیەکان هـاتووە، مـن دەڵـێم ئەگەر هاتو بە خۆپیشاندا هاتبێت، کەواتە پێویستە هەروەکو هەندێ لەهاوکارانم ئیشارەتیان پێـدا هەنـدێ لەکۆبوونەوە گشتیەکانیش شێوەی خۆپیشاندان وەردەگرێت، بۆیە ئەگەر خۆپیشاندان بەتەنها بێـت ئـەبێت لەناو یاساکەدا، ئەوە بەخاڵێك دەستنیشان بکەین، کە یاساکەمان ئـەو کۆبوونەوەگشـتیانەش دەگرێتـەوە کـە شێوەی خۆپیشاندان دەگرێتە خۆی، ئەگەر بێت و لەناوەکـەی خۆپیشـاندان و کۆبوونـەوە گشـتیەکان بێـت، لەو حاڵەتەدا ئەبێت ئەو بۆنانەو کۆمەڵێك لەلای من سێ خاڵم دیاری کردووە، کە پێویستە لـەناو یاسـاکەدا بێت و دوور بخرێتەوە لەم یاسایە، یەکێکیان، مەسەلەی کۆبوونەوەی گشتی کە ڕێکخراو و حزبەکان دەیکەن لەسنووری تـەنزیماتی خۆیـان، دووەم: کۆبوونـەوەی گشـتی کـە موتابیقـە بـۆ عـادات و موناسـەباتی هـەرێم، هەوەها موناسەباتی کۆمەڵایەتی، سێیەمیان: نەدوات و موناسەبات کە هەر لایەنێك دەیکات، لەناو پـەرژینی بارەگاکانی خۆیان یاخود هەرشوێنێك کە پەرژین کراو بێت، خاڵێکی تر بەنیسـبەت خۆپیشـاندانی لـەناکاو، ئەگەر ئێمە مەبدەئی وەرگرتنی مۆڵەت و کاتمان قبوڵ کرد، بێگومـان ئـەو وەختـە مەبـدەئی خۆپیشـاندانی لەناکاو مانای نامێنێ، بۆیە بەڕاستی پێویستە ئێمە لێرەدا ئەوە بڵـێین ئایـا لـەڕووی ئەمنیـەوە ئەمـە قبـوڵ دەکرێـت، کـە مەسـەلەی مۆڵـەت و کـات لەیاسـای خۆپیشـاندان بهێنینـە دەرەوە، لـەو حاڵەتـەدا دەتـوانین خۆپیشـاندانی لـەناکاو بـە یـەك شـت چارەسـەر بکـەین، کـە ئـەویش ئەوەیـە کـە مۆڵـەت و کـات دانـان بـۆ خۆپیشاندانەکە کەمتر بێت لەو وەختەی کە دادەندرێت بۆ خۆپیشاندانێکی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشی ئـەز پشتەوانیەکا بـاش، بـۆ بۆچـوونا سـۆزان خـانێ دکـەم، کـو ئـەم پرێنسـیپا دانـێین بـۆ یاسـای خـۆ پیشاندانێ، چونکە ب ڕاستی ئەگەر ل سەر وان پرێنسیپا ڕێکەفتین، کارێ دانانا یاسـایێ گەلـەك ل دەف مـە هەمیا ب سانایی کەوی، تەقریبـەن بـۆ چـوونەك ل دەف مـە پەیـدابیت، دوو: مـن تەعدیلـەکا هـەی ل سـەر (جمع منظم او شبه منظم من الناس یسیر بشكل سلمي في المیادین والشوارع)، نابیت بـە کـەیفێ خـۆ بیـت، دیارە لازمە لە یاسادا هەبیت، (وفق المسارات المحدد لها مسبقا)، خۆ نابیت مەسـیرەکە بـە کـەیفا بچیت، ڤـی

شەقامی بۆ ڤی شەقامی، ڤێ جهێ بۆ ڤی جهێ، پێش وەخت لازمە ڕێكەفتنەك هەبیت، ناڤ بەینا ئەویێت كو خۆ پیشاندانێت تەنزیم كەن، نابەینا وەزارەتا ناڤخۆ، مەساری یێ مزاهەرێ دێ كیڤە چی، ل كیرێ دەست پێ كەت، دگەهیتە كیرێ؟، لەوما دڤێت یاسایێ دا هەبیت، وفق المسارات المحدد لها مسبقا، ئەگەرنا پیشاندانەكا دێ بكەیفێ خۆ بیت، ل جهەكێ دێچیتە جهەكێ، احتیمالە بەرژەوەندیا گشتی تێك بدات، نسبەت مزاهەرەی مفاجئی، مزاهەرەی لەناكاو، ڤێرە ئیشكالەك دێ بۆ وەزارەتا ناڤخۆ چێبیت، ئەو جهێ كو دڤیت خەلكەكی بپارێزیت، ئەڤە یەك، یا دوێ، بارا پترێ ئەڤ خۆ پیشاندانێت یێت مفاجئ چێ بیت، هەندەك جارا شكلێ توندو تیژیێ ب خۆوە دبینن، لەوما ڤێرە ڤێت هشیاری مامەلە دگەل ڤێ خالێ بكەین، وەیادیژی ئەڤ خاڵە نەبیتە بەهانەی بۆ وێ خەلكێ، كو دڤێت خۆ ژێ یاسایێ ڤەدزی، هەمی گاڤا بێت خۆ پیشاندانەكا تەرتیب بكەتن ل بن پەردا، بلێت وێ خۆ پیشاندانا ل ناكاو بوو، لەوما بێژم ئەڤ خالێ لەناكاو، بێت ئەم ل سەر ڕاستین، وە پتر دیراسەت بكەین، نسبەت تەجەمعێ، تێكەل بوونەك چێ بوو ل مابەینا برادەران، ناڤ بەینا تەجەموعا یا عام، یا كو هەدەفەكا سیاسی یان كۆمەلایەتێت هەی، وە تەجەموعەكا عادی، خەلكەكێ ل نەورۆزێ تەجەموعا دكەت، پێویستی ب هیچ یاسایەك و هیچ ئیجازەیەك نابیت، وەختێ ل شاهیانەكا یان مناسەبەكا تایبەت، جەژنا رەمەزان، ل جەژنا قوربانی، یا ل جەژنا سەری ساڵی، هیچ ئیجازەیەك پێ نەڤێت، ئەوە فەرقە ل وێ ڤێری كو دەهەزار مرۆڤا، ل یاریگەها فرەنسۆ حەریری كۆم كەین، بۆ هەدەفەكا سیاسی ئان یا كۆمەلایەتی، ئەرێ ڤێ خەلكی پاراستن پێ نەڤێت، ڤێ خەلكی نەڤێت وەزارەتا ناڤخۆ قوەتەكا دابین بكات بۆ وێرێ، دا ئەڤ دا ئەو تەجەمەعەش مەسارێ خۆ ڤێ نەئاشتی نەدەركەڤین، وە نەبیتە سەبەبەكێ كو چەندێ ئاژاوەكی بازارێ بگێرن، ئەڤ خەلكێ كۆمبی پێویستی بەچەندێ ناكات، كو حیمایە كرن تەعەدا نێتە كرن، لەوما ڤێرە، تێكەل بوونەكا هەی ل مابەینا تەجەمەعا گشتی، تەجەموعەكا بۆ هەدەفەكا سیاسی یان كۆمەلایەتی، ئەڤ خەلكا كۆمبیت، ل جهەكێ معەیەن، بۆ هەدەفەكا معەین، لەوما ڤێرە دڤێت جیاوازیێ بكەین و تێكەل نەكەین، بێژین ئەگەر چار مرۆڤ یان دەه مرۆڤ كۆمبونەكا بكەن، پێویستی بیت، دەه مرۆڤا پێویستی ب یازدە ناكات، تەجەموع یا دیارە، پێناساوی دیارە، وە هەدەف ژی یا دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی كە خۆپیشاندان مافێكی بنەڕەتی و لەڕیزی مافە سروشتیەكان و سەرەكیەكانی مرۆڤە، بۆ دروستكردنی كۆمەڵگەی مەدەنی و دیموكراسی، بەڵام وەكو وتمان هەمووومان ئەزانین كە مرۆڤ ئازادەو بەئازادی لەدایك بووە، بەڵام خۆپیشاندان پێویستی بە ڕێكخستن هەیە، ئەركی ڕێكخستنەكەش لە ئەستۆی ئێمەدایە وەكو پەرلەمان، كە یاسایەك دەربكەین بۆ ڕێكخستنی، لەبەر ئەوە من

پێم وایە ئەم یاسایە، ئەبێتە یەکێك لەخاڵە جیاکەرەوەکان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان، ئومێدەوارم ئەم یاسایە وابێت، زۆرترین ئەرکی ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێت نەك لەقاڵبدان و قورس کردنی خۆپیشاندانەکان، بۆیە سەبارەت بەو دوو خاڵەی کە زۆربەی خیلافی لەسەرە، خاڵی کۆبوونەوەکە من قسەم هەیە لەسەری، پشتگیری ئەو ڕایەی کاك دکتۆر زانا دەکەم، کە خۆی بەڕاستی هەموو خۆپیشاندانێك کۆبوونەوەیە، بەس مەرج نیە هەموو کۆبوونەوەیەك خۆپیشاندان بێت، بۆیە ئێستا ئێمە لە حاڵی حازردا، ئەم کۆبوونەوەیە زۆر دەکرێت، چ لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە یان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندین جار بۆ پرسی زۆر گرنگ، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی لاوان کۆبوونەوە دەکەن، 20 ڕێکخراو یان 30 ڕێکخراو تا 40 ڕێکخراو زۆر خزمەت دەکەن بە پرسی کۆمەڵگای مەدەنی و پێشخستنی سیستمی دیموکراسیەت، بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە کۆبوونەوەش بخەینە زمنی خۆپیشاندان و ئەویش ئاگادارکردنەوەو مۆڵەتی بوێت کە ئەصڵەن خۆی هەر پێم وایە، ئەگەر ئەم یاسایە ئیقراری بکات کە تەنها ئاگادار کردنەوە بێت بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە باشترە نەك مۆڵەت پێم وایە ئەو کاتە ئیشی قورس ئەکەین، یەعنی لەقاڵب دانی ئیشی لایەنەکان دەکەین، زۆربەی ڕێکخراوەکان ئیشیان قورس ئەبێت، حەتا ڕۆشنبیران ئیشیان قورس ئەبێت، کە هەتا ئێستا لە ئەرزی واقیعدا تەجەموعیان کردووە بۆ ئیشی زۆر باش پێویستیشی کردووە، هیچ شتێکی واش ڕووی نەداوە جگە لەبەرهەمی باش نەبێت، خاڵێکی تر خۆپیشاندانی لەناکاو من پێم وایە، وەك جۆرێك لەجۆرەکانی خۆپیشاندان دیاری بکرێت لەناو ئەم یاسایەدا، چونکە نەبوونی ئەبێتە کەلێنێکی گەورە لەناو ئەم یاسایەدا، بۆیە من پێم وایە ئەم دوو ڕەئیە کە موخالفەو ئێستا هەست دەکەین لەناو هۆڵی پەرلەمانیش نیقاشی لەسەر ئەکرێت، پشتگیری کراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە، کە خۆیان لەئەصڵدا ئەم پرۆژەیان تەرح کردووە، زیاتر لە 20 تا 30 ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر ئیصرار دەکەن لەسەر ئەم دوو خاڵە بۆیە حەقی خۆیەتی بەچاوی ئیعتیبارەوە وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر شتێك کە کۆبووبێتەوەو هاتبێتە ناو ئەم پرۆژەیە جێگای ڕێزە لەهەر لایەکەوە هاتبێ، بەس لێرە پەرلەمان قەرار دەدات، بۆ خۆتانە بۆ ئێوەی بەڕێز، ڕێزدار شوان کەریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەگەڵ ئەو مافەم کەلەدەستووریشدا سەلمێندراوە بۆ هەموو هاووڵاتیان، کەمافی خۆپیشاندانیان هەیە، دەربڕینی ڕای خۆیان بۆ هەر مەسەلەیەك کە پێیان وابێ بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوانە لەوێوە دەست پێدەکەم، من سێ تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەکەمی یاساکە، سەرەتا لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك خورشیدم کە دەڵێت، بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ماددەی یەکەم، ببورە سەرۆکی پەرلەمان من وەزعێکی نا تەبیعیم هەیە، بۆیە ناتوانم قسە بکەم لوتم خوێنی بەربووە، ببورە ناتوانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو، ڕێزدار سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (38)ی دەستووری عێراقی لە بڕگەی سێ‌دا هاتووە، باسی ئازادی كۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەكات، دەڵێت بەیاسا ڕێكبخرێت، منیش لەوێوە داخڵ دەبم، ئەمە مافێكی دەستووری هەموو خەڵكە، ئەم مافەش ئەبێت تەنها بەیاسا ڕێكبخرێت، نەوەك بەرتەسك بكرێتەوە بەڕاستی، بە تەسەوری من لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی كە لە ڕەشنووسدا لە ئەسبابی موجیبەی خودی یاساكەدا هاتووە، بەتەسەوری من ئەم یاسایە یاسایەكی گرنگە، بۆ بەرەوپیش بردنی كۆمەڵگاو چەسپاندنی بنەماكانی دیموكراسی، زۆر لەهاوڕێیانم باسی خۆپیشاندانی لەناكاویان كرد، با ئێمە ئەو تەسەورە لابەرین، بەڕاستی لەدیدی ئەمنیەوە باسی ئەو حاڵەتە نەكەین، با ئێمە سەیری خۆپیشاندانی لەناكاو بكەین، كە مافێكی سروشتی و دەستووریە و یاساییە، بەتەسەوری من هەر ڕێكخستنێكی بەیاسا بەتەسەوری من نا واقعی و نا مومكینە، چونكە ناكرێت ئەوە بەیاسا ڕێكبخرێت، باسی مەسەلەی تەجەموعیش كرا، من ڕام وایە بەڕاستی تەجەموع لەیاساكەدا دەربكرێت، ئەسباب زۆر باسكرا، تەنها لەبەر ئەو ئەسبابانەی كە زۆر لە هاوڕێكانم باسیان كرد، من قسەكانی ئەوان دووبارە ناكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها لەسەر خۆپیشاندانی لەناكاو قسە دەكەم، برادەران باسی ئەوەیان كرد، كە ئەوە ئەمرێكی واقیعە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ ئەمە ئەمری واقیعە، لەبەر ئەوەی كە من تەصەور ئەكەم، قسەكەی من تازە بێت لەهەموویان، چونكە ئەو قسانەی كەكراوە من نایانكەمەوە، بەشێكە لە سایكۆلۆژیەتی ئینسان ڕەد فیعلی سەریع، یەعنی هیچ كەسێك لەناو هۆڵی پەرلەمان، كە ئێستا دانیشتووە، بەدەر نیە لەوەی كە ڕۆژێك لەڕۆژان ڕەد فیعلێكی سەریعی هەبێت، ئیتر لەهەر بابەتێك بێت، بۆیە خۆپیشاندانی لەناكاویش ڕەد فیعلێكی سەریعە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەناو پەرلەمان هەبێت ماددەی (59) لەسەرتان تەتبیق دەكەم، ئینجا كەیفی خۆتانە، هەركەسێك بێت و لە هەر لیستێك بێت، بۆیە ئاگادار بن.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی سایکۆلۆژیەتی ئینسان بەو شێوەیە کە لەزۆر حاڵەتدا ڕەد فیعلێکی سەریعت ئەبێت، هەندێجار لەوانەیە کەسێتی یەکێك لە هی یەکێکی تر جیاواز بێت، بەلاّم کەسێك لە ڕەد فیعلێکی سەریعدا لەسەر بابەتێك لەوانەیە بگری، خۆ ناکرێت تۆ یاسایەکی بۆ دەربکەی بڵێیت نابێ بگریت، یەعنی ئەم پێکهاتەی لەشی ئینسانە، من پێم سەیرە کە تۆ باسی ئەوە بکەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو کارێکی ناشیاوە، ئەگەر ئەم خۆپیشاندانە لەناکاوە توندو تیژی لێکەوتەوە، کارێکی نەشیاوی لێکەوتەوە، ئەوکاتە تۆ بەپێی ئەو یاسایانەی تر کە داتناوە ئەتوانی قسەی لەگەڵ بکەیت و لەگەڵی بجولێیتەوە، بەلاّم نەك بەو شێوەی کە تۆ بەشێك لەسایکۆلۆژیەتی ئینسان بتەوێ بەیاسایەك لێی بسەنیتەوە، من تەنها قسەکەم ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێت ئەمە بەیاسا چارەسەر بکەین، چارەسەر نابێت و بەردەوامیش ئەبێت، تەنها ئەبێ تۆ پێکهاتەی لەشی ئینسان بگۆڕی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە من پشتگیری تەواوی بۆچوونی ئەو خوشك وبرا بەڕێزانە دەکەم، کە داوای ئەوەیان کرد، خۆپیشاندانی لەناکاو لەناو یاساکەدا هەبێت، وەکو ئەوەی کەهاتووە لەڕاپۆرتەکەدا لەپێشنیاری دووەمدا، دیارە ئەو برا بەڕێزانە بەتایبەتی کاك حاجی بیلال ئاماژەی بەوە کرد، مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو بابەتێکە هەیە، یەعنی ئێمە ڕۆژانە ئەیبینین بەچاوی خۆمان، بەدڵنیایشەوە ڕەنگە هەر ئەمڕۆ لەهەندێ شوێن خۆپیشاندانی لەناکاو هەبێت، بۆیە خۆپیشاندانی لەناکاو ئەکرێ ئێمە وەکو شتێکی سروشتی سەیری بکەین، لەبیرمان نەچێت هەندێجار دەستەبەر کردنی هەندێك ماف، هەندێك ئازادی، ئەگەر چی ڕەنگە خوێندنەوەی هەڵەی بۆ بکرێت، بەلاّم دیوی ئیجابی زیاترە، ئێمە لەبیرمان نەچێت کاتێ کە قسە لەسەر دەستەبەر کردنی کاری ئازادی ڕاگەیاندن دەکرێ، هەرچەند هەندێجار لەئەنجامی ئەم ئازادییە دەرکەوتەو دەرئەنجامی سلبی هەیە، بەلاّم بەدیوێکی تردا، دەرئەنجامی ئیجابی زیاترە، ئەمە وادەکات هەندێجار ئەوشتانەی کەتۆ ناتوانی بابڵێین لەوڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا وتنیان قەدەغە کراوە، عقوبەی لەسەرە، ئەمە وادەکات وردە وردە کۆمەڵگا پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، لەڕێگای هەندێ لەم دەربڕینانە تۆ ئەتوانی ناخی خۆت خاڵی بکەی، بەدیوێکی تردا کە ئێمە قسە لەسەر هەبوونی خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەین، بەڕەئی من بوونی ئەم خۆپیشاندانە مادام ئەمڕۆ لەواقیعی هەرێمی کوردستاندا، واقیعێکەو هەیە، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بوونی لەناو یاساکەدا گرنگە، من پێم وایە بوونی ئەم بڕگەیە، بوونی ئەم پێناسەیە، بەشێوەیەك لەشێوەکان، هۆکارێکی ئیجابی ئەبێت بۆ هەڵمژینی هەندێك لەڕق و تووڕەیی هاووڵاتیان، ئێمە لەبیرمان نەچێت، با تۆزێك واقیعی قسە بکەین، هەندێجار لەبەردەم بەنزینخانەکاندا خۆپیشاندان ئەکرێت، هەندێجار کابرا نزیکەی 20 شوفێر سەرەیان گرتووە، ئەبینی مەسئولێك سەرە بڕی ئەکات،

لەناچاریدا ئەم کەسانە بۆ خاڵی کردنەوەی ڕق و تووڕەییەکەیان خۆپیشاندانێك ئەنجام دەدەن، هەندێجار خوێندکاران بەیانی سەعات $8$ هەڵدەستن ئەیانەوێت بچن بۆ کولیە ئاو نیە، خۆپیشاندانێك دەکەن، تۆ بێیت ئەم حەقە سروشتیە کە وەکو دکتۆر ڕێباز ئاماژەی پێدا، بەشێکە لە غەریزەی ئینسان بێیت ئەم حەقەی لێ وەربگریتەوە، ئەمە وردە وردە بەجۆرێك لەڕووی نەفسیەوە، کەڵەکە بوونێکی خراپ لەناخی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست ئەکات، ئەمە بەدڵنیاییەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان زەمینە سازی ئەکات بۆ هەڵچوونی جەماوەری، ڕەنگە پەلکێشمان بکات بۆ هەندێك دەرئەنجامی خراپتر و قورستر، ئەمە حیکمەتێکی تری ئەم مەسەلەیە، دەستەبەرکردنی ئەم ئازادیەیە، بۆیە من داواکارم، وشەی خۆپیشاندانی لەناکاو، هەروەها پیناسەکەی بەو شێوەی کە برادەران ئاماژەیان پێدا لەناو ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا تەسبیت بکرێت، بەدڵنیاییەوە ئێمە لەوخاڵەدا ئەبێ بەرچاومان ڕوون بێت، ئێمە ئەزموونی $20$ ساڵی ڕابردوومان هێندەی خۆپیشاندانەکان بۆ شتی سەرەتایی بۆ مافە سروشتی وسەرەتاییەکانی ئینسان بووە، بۆ شتی سیاسی نەبووە، ئیتر بۆچی ئێمە بترسین لەوەی کە بڵێین ئەم دەرفەتە، یاخود ئەم دێڕە یاخود ئەم وشەیە، ئەقۆزرێتەوە بۆ مەسائیلی سیاسی من پێم وایە ئەمە بەدیوێکی تردا بەڕوویەکی گەش و جوان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەخشێت، کە ئینسان ئازادە لەهەرکاتێکدا بیەوێت خۆپیشاندان بکات، بۆ ئەوەی ئێمە ئەم وشەیە، لەگەڵ وشەی ڕێکخستنەکە، جۆرێك لەدەمج هەبێت، ئێمە ئەتوانین پاشکۆیەك دابنێین بۆ ئەو پێناسەیە بڵێین هەرکاتێك خۆپیشاندانی لەناکاو ڕوویدا، پێویست ئەکات لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو شوێنە ئامادە بن، جا پۆلیسە، یان ئیسعاف و ئەوانەیە بۆ هەرشتێك، ئەوەشی پەیوەندی بە کۆبوونەوەی گشتیەوە هەیە، بەڕەئی من وەکو کاك دکتۆر زانا ئاماژەی پێدا، من قسەکانی ئەو دووبارە ناکەمەوە، پێوست ئەکات نەبێت لەناو یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕایەدام، لەگەڵ ئەو هۆکارەی بنەمای پێویستی دەرچوونی یاساکەی پێدەرچووە، کە ئەویش ئامانج لەدەرچوونی یاساکە، کە خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە، ئامانجیش لیی گۆڕانکارییە بۆ ژیانێکی دیموکراتی، ڕێزگرتن لەئازادی، مافی مرۆڤ، پێم وایە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی دیاردەی خۆپیشاندانی لەناکاو هەیە، کە هەیە پێویستە یاساکە بەرپرسیار بێت لە ڕێکخستنی، یەعنی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە دەسەڵات دەیگرێتە بەر لەبەرامبەریان، پێویستیشە ئەم خۆپیشاندانە، خۆپیشاندانێکی شارستانی بێت، چونکە ڕەنگە تۆ ئەم ڕێکارە یاساییانەی بۆ نەگریتەبەر، ڕەد فیعلەکە دەبێت، لەسەر کێشەی ئامانجێکی زۆر بچووك و دیاری کراو، دەبێتە توندو تیژی یان مەشاکیلی گەورە، کە دەسەڵات نەتوانێ ئەو پاراستنە بکات کە پێویستەو لەیاساکەدا دیارە، بۆ نموونە، ئەگەر لە پڕ لە پەرچە کردارێکدا کۆمەڵێك خەڵك هاتنە دەرەوەو، ناوی خۆپیشاندانی لێنراو تووشی گرفت بوون، لەماددەی $11$ی ئەم پرۆژەیە کە پێشنیارە، ئەڵێت( هەرکەسێك بەپێچەوانەی ئەم یاسایەبێت ئەبێت تا شەش مانگ حوکم بدرێت) یەعنی ئەمە ئیشکالیاتێکە کە دەبێت ئێمە لێرەدا ڕێکیبخەین، خاڵێکی تر من پێم وایە، پێناسەی خۆپیشاندانەکە، وردەکاری زیاتری تێدا بکەین، ڕێگا دەگرێت لەو کۆبوونەوە

گشتیەش کە ئێمە پێما ن وایە کۆبوونەوەی گشتی مافێکی زۆر ئاساییەو رووی خۆپیشاندانی نیە، رەنگە بۆ زۆر ئامانجی ئەدەبی یان فەرهەنگی، خەڵك کە تابعێکی گشتیشی هەیە، وەکو لە پێناسەکەی دیارە کۆببێتەوە، پێویستی پێ نیە کۆببێتەوە، یان ئاگادار کردنەوەی حکومەتی تێدا بکات، بەهەر بارێك کە پەرلەمانتاران دوایی ئیتیفاقی لەسەر دەکەن، بەلای منەوە ئەگەر پێناسەکە وا لێ بکەین، رەنگە کێشەی کۆبوونەوە گشتیەکەمان بۆ چارەسەر بکات، لەگەڵ خۆپیشاندانە لەناکاوەکەش، وەکو کاتی خۆی لیژنەی ناوخۆ لەسەری کۆك بوون خۆپیشاندان نەك وەکو دەڵێیت کۆمەڵێکی رێکخراوە، بەڵکو کۆبوونەوەیەکی رێکوپێکە، یان نیمچە رێکوپێکە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆڕەپان و شەقام و شوێنی گشتی کۆدەبنەوە یان دەڕۆن، یان دەوەستن بەمەبەستی دروست کردنی رایەکی گشتی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، کە ئەم شێوازانە دەگرێتەوە: خۆپیشاندان، خۆپیشاندانی لەناکاو، مانگرتن، یەعنی ئەمە چارەسەری ئەم کێشەیەی کۆبوونەوەی گشتی کە رەنگە من پێم وایە ئەم کەمپینەی کە دەمانەوێت دروستی بکەین لەبەرامبەر دیاردەیەك کە کۆمەڵێك نووسەر یان رۆژنامەنووس تۆ بڵێی ئەوە کۆبوونەوەیەکی گشتیەو بۆت نیە و ئەبێ ئیجازە وەربگری، بەڵام ئەگەر ئەم پێناسەیە بەم شێوە بێت، چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار نەسرین جمال، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاورێیانم زۆر قسەو باسیان لەسەر دوو خاڵی زۆر ئەساسی کرد ئەویش خۆپیشاندانی لەناکاو وکۆبوونەوەی گشتیە، لای هەمووشمان روون وئاشکرایە، کە زۆر تەرکیز کرایە سەر ئەو دووخاڵە، یەکەمیان: ئەوە ئەمری واقیعەو برادەرەکانیشمان نموونەی زۆر زیندوویان لەسەر هەردوو خاڵەکە هێنایەوە، کەواتە پێویست بەوە ئەکات کەخۆپیشاندانی لەناکاو لەو یاساکە تەسبیت بکرێت، بەهەر صیغەیەك بێت، ئەبێ بیرێکی لێ بکرێتەوە، دووەمیان: بەنیسبەت کۆبوونەوەی گشتیش مادام پرۆژە یاساکە، ناوەکەی خۆی بەخۆیەوەیەتی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان، حەقە ئەو گشتیەی لێبکرێتەوە، چونکە وەکو وتم، برادەرەکانم نموونەی زۆر زیندوویان لەسەری هێنایەوە، پشتیوانی ئەو دوو رایە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی راو بۆچوونەکان وتران، بەڵام ئەوەی من ئەمەوێت ئاماژەی پێبدەم، ئەو مافە دەستووریە بوو کە بەحوکمی قانون دراوە بەهەر هاوولاتیەك لە هەرێمی کوردستان کە ممارەسەی بکات، بۆیە هەر مافێکیش کە بەحوکمی قانون درا ناکرێت تۆ لەمپەر دروست بکەیت بۆ روونەدانی، بەڵام ئەکرێت تەنزیمی بکەیت، وەکو لەناو پرۆژەکەدا هاتووە بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان، ئەوەش مافێکە رێکخستنی پێویستە، ئەگەر بێت و ئێمە لەمپەری زیاتری بۆ دابنێین، کەواتە یاساکەمان لە تەنزیمەوە لەوانەیە بگۆرێت بۆ رێگا

گرتن لە خۆپیشاندان زیاتر تا ئەوەندەی کە تەنزیم کردن بێت، بۆیە ئەوە مافێکە بەحوکمی قانون دراوە، ئەگەر بێت و باس لە مەسەلەی کۆبوونەوەی گشتی بکەین، ئێمە باسمان کرد لە لیژنەکەمان هەموومان بەکۆی دەنگ، تەنها لەسەر ئەو خاڵە کۆکین کە ئەوە نەمێنێت لەناو نیشانی یاساکە، کە لەناو نیشانەکەشدا نەما، کەواتە ئەگەر لەخوارەوە دایبنێین ئەوە پیچەوانەی ناوەڕۆکەکەیەتی، هەموو خۆپیشاندانێك، کۆبوونەوەیە، بەس هەموو کۆبوونەوەیەك خۆپیشاندان نیە، بۆیە من پێم وایە داعی ناکات ئەو کۆبوونەوەیە هەبێت، لە پێناسەکەشدا ئێمە ئەگەر لەجیاتی ئەوە بنووسین (جمع منظم) بڵێین (تجمع منظم) هەر کۆبوونەوە گشتیەکە شمولی ئەکات، من لەگەڵ ئەوەش نیم کە وەختی دیاری کراویشی بۆ دابندرێت، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ چەند دیراسەیەکمان کردبوو بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو، بەداخەوە ئێمە وامان ئیتیفاق کرد، کە نەفسی ئەو پێناسەیە تەرجومە بکرێتە ئێرە، بەڵام ئەو پێناسەیە هەر بە کەموکورتی تەرجومە کراوە، بۆیە من پێم وایە ئیلتیباسێکی دروست کردووەو لەوانەیە هەندێ تەحەفوزاتی دروست کردبێ، پێناسەکەی ئێمە ئەو مەخاوفانە ئەڕەوێنێتەوە کە هەندێ لەبەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، ئەگەر بێت و هەر نەفسی ئەوە پیناسە بکەین کۆتاییەکەی پێناسە نەکراوە، مەبەستم ئەوەیە تەواو نەکراوە، نازانم هەڵەی تەبعە یان شتێکی ترە، ئەگەر بێت وئێمە (بشرط ان یکون سلمیاً او مدنیاً) کە لە پڕۆژەکەی لیژنەی ناوخۆ هاتووە، بەڵام لێرەدا نەهاتووە، ئێمە لەوێ نووسیومانە، پەرچە کردارێکی خێرایەو ڕێکخستنی پێش وەختی بۆ نەکراوە، بەرامبەر بارودۆخێکی نائاسایی و کتوپڕ، ئەو نووسیویەتی (احداث) بارودۆخ جیاوازە، کە بواری ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی تێدا نیە، پەیڕەو کردنێکی کردارێکی سروشتی و ئاساییە، بەمەرجێك شارستانیانە بێت، کەوتمان شارستانیانە بێت ئەوە ئێمە لەو هەموو مەخاوفانە ڕزگارمان دەبێت، بەڵام بەداخەوە لە پێناسەکەی ئێرەدا نەهاتووە، بۆیە داواکارم کە ئەوە ئیزافە بکرێت، کۆبوونەوەکەش لابرێت، چونکە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لەسەر تەعریفاتەکان قسە ئەکەین، لەڕاستیدا ئەم یاسایە لە بابی ماف و ئازادییەکان هاتووە لە دەستووری عێراق کە باس ئەکات، یەکێکە لە فەرعەکان، یەکێکە لە فەصڵەکانی، کەواتە ئەم یاسایە، کە ئێستا ئێمە بەدەستمانەوەیە، کۆی قانونەکە لە ماددەی یەکەم کە باسی لێوە دەکەین، تەعبیر کردنە، جۆرێ تەعبیر کردنە کە باسی خۆپیشاندان دەکەین، باسی ئیزراب دەکەین، باسی تەجەموع دەکەین، باسی ئیعتیصام دەکەین، باسی ئەو چوار، پێنج حاڵەتە دەکەین کە لەیاساکەدا هەمووی دووبارە دەبێتەوە، من پێم باشە، تەعریفەکان هیچ زەرەرێکی نیە، تەنانەت ئەگەر تەعریفی ئیعتیصامیش بکەین، تەعریفی ئیزرابیش بکەین، چونکە ئەمە تەعبیرە لە یەکێك لە مەزاهیری ئازادی و دیموکراسیەت، ئەمە کە خەڵك

دەری دەبڕێت بەجۆرێك لە جۆرەكان، ئەكرێت بۆ مەتڵەبێكی تایبەت بێت، ئەكرێت مەتڵەبەكە پەیوەندی بەهەموو كوردستانەوە هەبێت، ئەكرێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتی خۆمان بێت لەكوردستاندا، ئەكرێت مەتڵەبەكە لەدەرەوە داوا بكرێت، لەكۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوا بكرێت، مەتڵەبەكە ئەیگۆڕێت و جۆری تەعبیرەكەش ئەیگۆڕێت، بۆیە من پێم باشە ئەو شتانە هەمووی تەعریف بكەین، دوایش مولاحەزەم هەیە لەسەر ( في الميادين والشوارع والاماكن العامه)، باشە مەیادین و شەوارع شوێنی گشتی نیە، من پێم باشە (الاماكن العامه) پێناسە بكەین، ئەگەر ئێمە ( الميادين و الشوارع) مان جیا كردەوە، مادام وایە ئەبێ ( میادین و شوارع) جیاواز بێت لە (الاماكن العامە)ڕەنگە هەندێجار، ئیعتیصام لەناو دائیرەیەكدا هەبێت، بۆیە تەعریفی (الاماكن العامه)ئەگەر كردمان ڕەنگە ئیتر ئیشمان بەو شوێنانە نەمێنێ، چونكە ئەگەر تەشخیصی بكەین، ئەو خۆپیشاندانە شەرت نیە هەر لە میادین و شوارع بێت، ڕەنگە لەزۆر شوێنی تریش هەبێت، تەعریفی مەیدانی گشتی (الاماكن العامە)ی تێدا بێت، بۆیە من ئیقتراح دەكەم كە تۆزێك تەعاریفەكان فراوانتر بكەین، كە (الاماكن العامه) لەخۆ بگرێت، خۆپیشاندانیش لەخۆ بگرێت، لەكاتێكدا كە خۆپیشاندان ئەو وشەی لەناكاوەشی تێ بكەوێت، یەعنی خۆپیشاندانێكی لەناكاو بەشێوەی ڕێكخستن یان كتوپڕ هەردوو حاڵەتەكەی تێدا كۆبكەیتەوە ئەوە دەتوانی، یان ئەگەر بتەوێ بڵێی( خۆپیشاندان و ئیعتیصام و ئیزراب) ڕەنگە جاری وا هەبێ یەك شەخص ئیعتیصام ئەكات، تەنها یەك كەسە، مەتڵەبێكی هەیە لەسەر قەرارێكی ئیداری بۆ نموونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شوان حازری، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێدەكەم خاڵی یەكەم پشتگیری لەو پێشنیارەی هاوكارم كاك خورشید دەكەم، كە ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بكرێت( وفق المسارات المحدده لها مسبقاً) ئەمە بەپلەی یەكەم بە قازانجی خۆپیشاندەران دێت بەڕاستی، ئەو ڕێڕەوە كە دیاری كرا، لایەنی بەرپرس باشتر ئەتوانێ پارێزگاری لێ بكات و ڕێگە بە خەڵكانی تر لە دەرەوەی ئەم خۆپیشاندانە بیانەوێ ڕێگری بكەن یاخود كێشەیەك دروست بكەن، بە پلەی یەكەم لە قازانجی خۆپیشاندەرانە، دواتریش لە قازانجی گشتیە، خاڵی دووەم/ من بەڕاستی لەگەڵ ئەوە نیم كە مزاهەرەی موفاجئی لە یاساكە دابندرێت، بەڕێزان، ئەندامانی تری پەرلەمان هەندێك باسیان لەوە كرد كە خۆپیشاندانی كتوپڕ بووە، بەڵێ بووە، بوونەكەشی ئەوە بووە كە یاسایەك نەبووە ڕێكی بخات، من پێموایە ئەگەر خەڵك تێ بگات كە یاسایەك هەیە خۆپیشاندان ڕێك دەخات ئەوەندە فرسەتی هەیە كە وەكو لە دواتردا لە ماددەكانی تردا هاتووە ئەوەندە  فرسەتی هەیە داوایەك پێشكەش بكات بۆ ئەوەی ئەو ناڕەزاییەی كە هەیەتی و لەهەر شوێنێك بیەوێ دەری ببڕێت و ڕێگریشی لێ نەكرێت، هەندێك جار ڕاستە مەسەلەن چەند كەسێك لە شتێك ناڕازین، ئەوە ناچێتە بواری خۆپیشاندانەوە، چونكە عادەتەن

خۆپیشاندان بەوە دەوترێ کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە شوێنێکی دیاری کراو بەشداری تیا بکەن و بە کۆمەڵێك داواکاری بە تایبەتی نووسراویان هەبێت و لەوانەیە بەیاننامەشی تیا دەرچێت لە خۆپیشاندانەکاندا، نارەزایی ناچێتە ئەو قالبەوە، دیارە زۆر جاریش داواکاریەکان داواکاری مەشروعن و مافی خۆیانە، بەڵام چەند کەسێك بە کتوپڕ لە وەزعێك یان حاڵەتێك نارازاین من پێم وانیە ئەوە بچێتە ئەو قالبی مزاهەرەوە یان خۆپیشاندانەوە، دواتر ئەگەر ئێمە ئەمەمان چەسپاند مانا بۆ تەعریفەکەی پێش ئەو نامێنێ کە لە خاڵی دووەمی ماددەکەدا هاتووە، ئەو کاتە من هەر وەختێك بمەوێت بە بێ ئەوەی ئیجازە وەربگرم دەڵێم ئەمە کتوپڕە و مافی خۆشمە ئێوە یاسایەکتان دەرکردووە و تیایەتی، لەبەرئەوە ناتوانن ڕێگریم لێ بکەن یان من داوای وەخت بکەم یان پێش 48 سەعات یان پێش 24 سەعات داوای مۆڵەتی ئەوە بکەم کە من خۆپیشاندان بکەم، لەبەرئەوە من پێموایە لە یاسایەکەدا نەبێ، سێیەم/ پشتگیری ئەو ڕایەی کاك کاردۆ دەکەم کە تەجەموع بخرێتە سێیەمەوە، بەڵام بۆ؟ چونکە بۆ خۆی لەوێدا تەجەموعەکە بە شێوەیەك و بە سیغەیەکی تری لوغەوی هاتووە، باسی جەمع دەکات، (جمع منظم)، لەبەرئەوە ئەگەر لاش نەبرێت، چوارەم، ئەو پێشنیارەی کاك کاردۆ کە منیش پشتگیری دەکەم نەخرێتە سێیەمەوە، من داواکارم کە چوارەم بەڕاستی ورد تر بکرێتەوە، چونکە بە حەقیقەت خوشك و برایان هەندێك تێبینیان هەبوو جیێ خۆیەتی کە ئەمە لەوانەیە وا تەسەور بکرێت کە ئێمە ئەم یاسایە ڕێگری دەکات لە هەموو کۆبوونەوەیەك، چونکە ئەنواع و ئەشکاڵ کۆبوونەوە هەیە بۆ زۆر بۆنەی تایبەت و زۆر بۆنەی گشتیش، لەبەرئەوە ئەمە ئەگەر ئەو پێشنیارەش قبوڵ نەبوو و لاش نەبرا ئەو خاڵی چوارەمە پێویست وایە ورد تر بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم پڕۆژە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بە مەبەستی چەسپاندن و جیێ بەجیێ کردنی بنەماکانی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین خۆپیشاندان لە چیەوە دێت یان چۆن دروست دەبێت؟ ئەمە دەبێتە رەد فعلێك یان رەئی دەربڕینێك هی خەڵك لە جادە کە پێش وەخت دروست بووە لە بەینی خەڵك و لەبەینی لایەنە پەیوەندارەکان، چەندەها جار داوای پێداویستیان کردیەکە بۆیان جیێ بەجیێ نەبوویە هەستاون بەم خۆپیشاندانە کە بەم شێوەیە تەعبیری لێ ئەکەن و دەیگەیەنن بەو لایەنەی کە پەیوەندارە بەو مەسەلەیە، بۆیە من پێم وایە لە ئەوەی کە باسی لە تەجەموع دەکات کە تەجەموع جیایە لێی، چونکە زۆر کەس هەیە کە خەڵکی رەفیقی خۆی دەعوەت دەکات بۆ جێیەکی 30.20.10 کەسە ئەویش دەبێتە تەجەموع، یان کەسانێك لە ماڵی خۆی شاییەك دەکات یان دەچێتە داوەتی ژنێك دەکات و یەکێك خزمەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە ئەویش دەبێتە تەجەموع، تەجەموع

زۆر لایەن دەگرێتەوە، بۆیە لێرە من پێم باشە ئەو تەجەموعە لەناوی نەمێنێت، بە نیسبەت ئەوەی کە موزاهەراتی کتوپڕ ئەوە زۆر موهیمە، چونکە تۆ نازانی ئەگەر ئێمە ئەم کتوپڕەمان لەناو برد کەواتە ئێمەهیچ تامی خۆپیشاندانمان نەهێشت، بوونی نەما، خۆپیشاندان ئەوەیە کە ئینسان لەخۆیەوە دەربچێت و رەد فعلی ببێت و بێتە سەر جادە و کۆببنەوە، ئەگەر ئەتو رێکت خستن، ئێمە هەموو خۆپیشاندانێك رێك بخەین، مانای ئەوەیە کە موستەنعە دروستی دەکەین و دەچینە مەکتەبەکان دەردێنین و مامۆستاکان دەردێنین و هەموو کەسێك لە خۆمان کۆدەکەینەوە، ئەوە دەڵێن موزاهەرەیە، یانیش رێپێوانێك، یەعنی خەڵك رێپێوان دەکەن و لەسەر جادە دەچن رەد فعلێکە، جەوابێکە بۆ کەسانێك یان بۆ لایەنێك یان بۆ دەوڵەتێك یان بۆ هەر تەعدیل کردنێك لەهەر جێیەکی تر کە کەسانێکی تر بێن بەو شێوەیە تەعدیلی دەکەن، نابێت ئێمە رێگە لەو رێپێوانە بگرین یان لەو موزاهەرەیە بگرین کەوا بە عەفەوی هاتووەتە سەر جادە، خۆی هەموو موزاهەرەیەك عەفەویە، کە رێکمان خست ئەوە عەفەویە و دروست کردنە، بەلام ماددەی 13 کە باس لە سزاکان دەکات کە بۆ شتێکە لە یاسا دەرچوویە یان لە تەنزیم کردنی ئەم یاسایە دەرچوو، ئەوە سزا دەدرێ و ئیتر خۆی بە خۆیەوە دەگاتە سزای خۆی، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، مەجالم دا پێتان، بەس هەمووتان لە ماددەی 56 فەقەرەی 1 دەردەچن، چونکە هەموو قسەکانتان تیکراری قسەی چەند خوشك و برایەکە، تکایە موراعاتی ئەوە بکەن بۆ جارێکی تر، ئاشتی خان فەرموو.

**بەرێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە کە چەند هاوکارێك پێشتر قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە ئازادی خۆپیشاندان مافێکە لە دەستوور دا شوێنی بووەتەوە، من خۆم بەرگری لەو رایە کە یاسا دەرکردن یەکێکە لەو رێگایانەی بۆ رێکخستنی ژیانی خەڵکە، بەلام تەحەول کردنی ئازادی لە دەقێکی دەستووریەوە بۆ یاسا مانای ئەوە نیە کە تۆ ماف بە یاسا بدەی کە تەقیدی ژیانی خەڵك بکات، چونکە ئەوەی کە لەناو ئەو راپۆرتەیە کە زۆرینەی دەنگەکانی لەپاڵ دا کۆبووەتەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە زیاتر مەساری یاسایەکە بەرەو تەقید کردن دەڕوات، وەکو پێشتر وتم من بەرگری لەوە دەکەم کە یاسا بۆ رێکخستنی ژیانی خەڵکە، بەلام لەگەڵ ئەوە نیم کە بە گومانەوە موعامەلە لەگەڵ خەڵك دا بکرێت، چونکە ئەگەر یاسا ئیشی سەرەکی ئەوە بێت کە ژیانی خەڵك لە پشێوی رزگار بکات، بەراستی بۆ رێکخستن بیبات، ناکرێت یاسا موعامەلەیەکی زۆر بە گوماناوی لەگەڵ خەڵکدا بکات کە ئەم یاسایە زۆر تر هاووڵاتی و خەڵکی موعامەلەیەکی گوماناوی لەگەڵ دا کردوون، لەبەرئەوەی ئەوەندەی تەسەوری پشێوی کراوە ئەوەندە تەسەوری ئەوە نەکراوە کە چ وەکو ماف موعامەلە بکرێت لەگەڵی دا چ وەکو مافێکی سروشتی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کە دەکرێت وەکو هەندێك لە برادەران گوتیان ئەنجامی زۆر ئیجابی هەبێت و دەکرێت ئەمە

بەڕاستی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر جاران موزاهەرە یان تەجەموع دروست ببێ، سەرەڕای دەست خۆشی لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە و کە کۆمەڵێك ئەرکی زۆر کێشراوە بەڕاستی بۆ نووسینەوەی بە تایبەتی بۆ تۆمار کردنی ڕایە جیاوازەکان، بەڵام چەند خاڵێکی تیا هەیە کە تەناقوزە، بەڕاستی یەکێك لەوانە ناوی پرۆژەکەیە، ئەگەر لە ناوەکەی دا تەجەموع کۆتایی پێ هێنراوە و لابراوە کەزەرورەتێك نیە کە لە خوارەوە جارێکی تر پێناسەی تەجەموع کراوە، خاڵێکی تر کە بە بڕوای من یەعنی ئەوە یەکێکە لە تێ بینیەکان هیچ ئەحکامێکی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشە موعامەلەی لەگەڵ مەسەلەی تەجەموع دا نەکردووە، یەعنی ئەو ئەحکامە سزایانەی کە داندراوە من بەڕاستی نازانم و بەرگری لەوە ناکەم کەهەمان مامەڵە بێت لەگەڵ خەڵکی خۆپیشاندەر، لەبەرئەوە ئەمە دوو مەسەلەی جیاوازن، تەنها لە ئەحکام خیتامیەکاندا لە ئەسباب موجبەدا ئیشارەت بەوە کرا کە باس لە تەجەموع کرابێت، بەڵام ئەگەر ئەوە سەیری بکەین بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت باس لە ئەهمیەتی تەجەموع ناکات، بەڵکو بە دەق دەڵێت (بالنظر لعدم وجود قانون خاص لتنظيم المظاهرات) واتە لە غیابی قانون دا لە ئەسبابی موجبە دا وەکو ناچاریەك پەنا دەبات کە تەجەموع بلکێنێ بە مەسەلەی تەزاهورەوە، کە هیچ کامێك لە ئەحکامەکان لە پێشوو تر دا موعامەلەی لەگەڵ مەسەلەی تەجەموع دا نەکردووە، من بەرگری لەو ڕایە دەکەم کە پێشتر چەند هاوکارێك گوتیان سەبارەت بە خۆپیشاندانی لەناکاو، من یەك ئیزافەم هەیە بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو کە دەکرێت واقعەك لە خۆپیشاندانی لەناکاو دا دروست ببێت واقعەکە ئوفول بکات، یەعنی لە دوای 48 سەعات ئەهمیەتی نەمێنێ، یەعنی لە دوای 48 سەعات قوەتی ئەو خەڵکە و تەحەموسی بۆ بەرگری کردن لە مەسەلەیەکی دیاری کراو دەکرێت ئەمە بەم 48 سەعاتە ئەو ئەهمیەتە لەدەست بدرێت، خاڵی ئەخیرم من بەرگری لەو ڕایانەی پێشوو تر دەکەم ئەگەر تەجەموع لە دوای دەنگی زۆرینەی هاوکاران تەجەموع شوێنی بووەوە من بەرگری لەو ڕایە دەکەم کە پێویستە تێکەڵ نەکرێت بە پێناسەی خۆپیشاندان، بۆ ئەوەی تووشی ئەم مەتاهە نەبین، ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ پێناسەی خۆپیشاندانە دواتر هەمان ئەحکامە سزاییەکانی خۆپیشاندان ڕووبەڕووی تەجەموعیش دەبێتەوە کە تەسەور دەکەم دواتر دەبێت تەجەموعیش مۆڵەت وەربگرێ، کە من لەگەڵ ئەوە نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دوو سەرنجم هەیە، لە خاڵی سێیەم پێناسەی خۆپیشاندانی کردووە، بەڵام زۆر لە برادەران باسی خۆپیشاندانی لەناکاویان کرد دیارە زاهیرەیەکە و هەیە، ئەگەر ئێمە چوارچێوەیەکی بۆ دانێنین بەڕاستی خۆپیشاندانی لەناکاو، پێموایە مەتاتیەتیەك دەدەین بە قانونەکە، یەعنی هیچ شتێکی تیا نابێت، چونکە لەم قانونە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر ئەم قانونە پەرلەمانی بەڕێز ئیقراری بکات، کۆمەڵێك

ئیلتزامات دەخاتە سەر حکومەت بۆ پاراستنی گیانی هاوولاتیـان و بـۆ شـوێنە گشـتیەکان، ئەگـەر حکومـەت ئیلزام بکات کە ئەو زەرەرانە ببێت، بەلاّم ئەگەر لە خۆپیشاندانێکی لەناکاو دا کۆمەڵێ زەرەرو زیان گەیشت ئەوە کێ بیبـژێرێ، ئەگـەر چوارچـێوەیەکی بـۆ دانـەنرێت، بۆیـە ئینکاری لـەوە ناکـەین کـە خۆپیشـاندانی لەناکاو هەر دەبێ و هەر دەشکرێت، بەلاّم ئەگەر چوارچێوەیەکی بۆ دابندرێت و بە قـانون رێـك نـەخرێت، پێم وایە مەتاتیەك دەدەین بە قانونەکە ئەو کاتە ئیجتهادی زۆری بۆ دەکرێت، خاڵی شەشەم بـە تەسـەوری من دووبارەیە، چونکە لە خاڵی دووەم تۆ رێگەت داوە بە سەرۆکی یەکەی کارگێری کـە محافزە، قائیمقامـە، مدیری ناحیەیە کە رێگە بدات یان مۆڵەت بدات بە خۆپیشاندان ئەگەر پرۆژەکە جێ بەجێ کرابـا و بـەلاّم لایەنی پەیوەندار جارێکی دیکە دیاری نەکراوە، بۆیە بە بۆچوونی من خاڵی شەشەم زیادە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وێڕای جەخت کردنەوەم لەوەی کەوا مەسەلەی خۆپیشاندان دەچێتە نـاو بـابی حوریاتـەوە، لـەناو هـەموو دەسـتووری ولاّتانیش تەئکید لەوە کراوەتەوە کەوا ئەم مافە و ئەم حوریاتـە بـە یاسـا رێـك بخرێـت، وە یاسـاکە لـە رێکخسـتنەکانی نابێـت قیودەکەی ئەوەندە بێت کە لە جەوهـەری حوریاتەکـە کـەم بکاتـەوە، بـەلاّم ئەمـەش بـەو مانایـە نیـە کـە رێگـری هـەبێت لـە تەنزیم کردن دا، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم بەڕاستی خۆپیشاندانی لەناکاوە کـە قسـەی زۆری لەسـەر کـراوە، ئێمە ئەو گلەییانە، یاخود ئەو داواکاریانەی لە رێکخراوەکانی کۆمـەڵی مـەدەنی و لـە ئێمـە کـراوە وەکـو ئەنـدامانی پەرلـەمان ئەوەیە کەوا نەسێك یاخود موستەڵەحاتی مەتاتی نەخەینە ئەم یاسایە، بۆ ئەوەی رێ بە دەسەلاّت نەدات، یـەعنی موعامەلـە کردنەکەی مەتاتی بێت لەگەڵ ئەم وشانە، بۆ نموونە کـە دواتـر لەسـەر مەسـەلەی ئـادابی عـام و نیزامـی عـام بـاس دەکرێـت، بەهەمان شێوە پێویستە ئێمە وەك ئەندامانی پەرلەمان ئەو ئیلتزامانەمان لەسەرە کە نەسێکی مەتاتیش دانەنێین بـۆ مـواتن بە هەمان شـێوەش حـەق بداتـە مـواتن بـە مـەتاتی موعامەلـە لەگـەڵ ئـەو نەسـە بکات، مـن لەگـەڵ مەبـدەئی خۆپیشـاندانی لەناکاوم، بەلاّم ئەم حاڵەتە پێویستی بە رێکخستنە، پێویستی بـەدیاری کردنـی چوارچێوەیە، مـن پشـتگیری رەئیەکـەی کـاك د.زانا دەکەم کە بە فعلی لە قانونی عقوبات مەسەلەی حـەقی دیفـاع شـەرعی دراوە بـە کەسـێك لـە کـاتی ئیسـتفزاز دا، بـەلاّم ئەمە چەند رێوشوێنێکی بۆ هەیە، بۆ نموونە ئەم کەسە دەستی بە شورتە ڕاناگات، بـۆ نموونـە ئـەم کەسـە نابێـت رەدی ئـەو دەستدرێژیەی کە دەکرێتە سەری زیاتر ببێ لەوە، یەعنی کۆمەڵێك چوارچێوەی بۆ داندراوە، من لەگەڵ دانـانی چوارچێوەم، یەعنی ئێستا لێرە هەموومان کـە هەڵدەسـتینەوە و قسـە لەسـەر ئـەم نەسـە دەکـەین هـەر خۆمـان وەك ئەنـدامانی پەرلـەمان هەریەکێك بە جۆرێك خۆپیشاندانی لە ناکاوە، یەك بە ئیستفزازی تێ دەگات، یەك بە دە کەس تێی دەگات، یەك بە نـاڕەزایی تێ دەگات، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەشکالە، بەیانی ئێمە یاسایەك دەربکەین و بیخەنـە بـەر دەسـەلاّتی جـێ بـەجێ کـردن هـەم هاوولاّتیان تووشی کێشە ببن و هەم دەسەلاّت لەگەڵ ئەوەدا تووشی کێشـە بـن، مـن لەگـەڵ مەبدەئەکەم، بـەلاّم لەگـەڵ دیـاری کردنـی چوارچـێوە دام، سـەبارەت بـە تەجـەموع مـن پـێم وایـە و پشـتگیری لـە رەئیەکـەی سـۆزان خـان دەکـەم لـە دانـانی پێناسەیەکی شامل تر بۆ ئەمە، چونکە بەشێك لە ئەشکالەکان کە هـەر لـە سـەرەتاوە بـاس کـرا لـە نـەبوونی پێناسـە بـوو کـە پێموایە ئەوەش زیاتر بۆ نەبوونی موستەڵەحە کوردیەکە دێتەوە کە ئیجتماع لەگەڵ تەجـەموع وابـزانم دوو شـتی لەیـەکتری جیاوازن لە عەرەبی، ئەگەر لە کوردی بە هەردووکیان بڵێن کۆبوونەوە، بـەلاّم لـە عـەرەبی لـە هـەردووکیان مانایـان جیـاوازە، بۆیە ئەگەرئەمەشیان پێناسەیەکی دیاری کراو و فراوانتری بۆ دابندرێت ئەو ترسە دەڕەوێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باس لە پرۆژە یاسایەك دەكەین كە بە حەقیقەت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و لێرە باس لە خۆپیشاندان دەكەین كە ئەمە بە حەقیقەت یەكێكە لە دەسكەوتە گەورەكانی كە ئەمڕۆ خەڵكی كوردستان پێی ئاشنا دەبێت كە پێشتر ئەو مافەی پێ نەدراوە و نەبووە، بەڵام مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناكاو دیارە تەفسیلاتی جۆراوجۆری زۆری بۆ كراوە، بەڵام بەبڕوای من خۆپیشاندانی لەناكاو دەتوانم بڵێم لایەنە ئەمنیەكان لە مەسئولیەت لادەدات، كە لە هەمان كاتدا خۆپیشاندانی لەناكاو ئەوەیە كە دەزگا ئەمنیەكان مەسئولیەتیان لەسەر نایەڵێ، بۆیە خۆپیشاندان ئەگەر بەو شكلە بێت كە لە نیزامەكە هاتووە، بەبڕوای من زیاتر لە سالحی خۆپیشاندەرە، لەبەرئەوەی ئێمە دەبینین لە هەموو وڵاتانی دنیا خۆپیشاندان دەكرێت، ڕێوڕەسمێكی نیزامی بۆ خۆپیشاندان تەنزیم كراوە، لەهەرێمی كوردستانیش پێم وایە ئەگەر بارو زروفی هەرێمی كوردستان لەبەر چاو بگیردرێت زیاتر پێویستمان بەوە هەیە كە خۆپیشاندان بە شێوەیەكی نیزامیانە بێت، بەو شێوە بێت كە لە پرۆژە یاسایەكەدا هاتووە، و زیاتر ئەمنیەتی خۆپیشاندەران دەپارێزێ و مەتڵەبی خۆپیشاندەران وەردەگیردرێت كە لایەنی پەیوەندار و ئاگاداری پێش وەختی بۆ هەبێت، خاڵێكی تر مەسەلەی ئەوەی كە تەجەموع دوو لایەنە، بەبڕوای من تەجەموعی كۆبوونەوە تایبەتیەكان كە زۆر كات لە شارەكان بە تایبەتی لە پایتەختی هەرێمی كوردستان كە كۆبوونەوەی تایبەت هەیە، پێویستە دەزگا ئەمنیەكان ئاگادار بكرێنەوە بۆ چاودێری كردنیان، پارێزگاری كردن و ئەمنیەتی ئەو كۆبوونەوە تایبەتیە، ئەوەكەی تریشیان مەسەلەی تەجەموع یان خۆپیشاندانی جەماوەریە، ئەمە دوو شتی لەیەكتر جیاوازە، بۆیە پێشنیار دەكەم و ئومێد دەكەم ئەو دوو لایەنە لەبەرچاو بگیردرێت و تەجەموعە تایبەتیەكان كە لە كۆبوونەوە تایبەتیەكان، كۆنگرەو كۆنفرانسی حیزبەكان خۆی دەبینێتەوە، ئەوەشیان تەجەموعی جەماوەریە كە لە خۆپیشاندانی جەماوەری گشتی دا خۆی دەبینێتەوە، هەردووكیان پێویستی بە ئاگادار كردنەوەی لایەنی ئەمنی هەیە كە وەزارەتی ناوخۆ موكەلەف دەكەی بۆ پارێزگاری كردن و ئەمنیەت گرتنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان خۆپیشاندان بە هەموو جۆرەكانیەوە ئەو بنەما گشتیانەی تێدایە، یەكەم/ كۆبوونەوەیەكە ڕێكخراوە یان نیمچە ڕێكخراوە، دووەم/ لە ئەنجامی ڕووداوێك یان بارودۆخێك هۆكارێك دروستی دەكات،

سێیەم/ بە هەدەف و بە غەرەز دەبێت، چوارەم/ بۆ دروست كردنی ڕایەك دەبێت، پێنجەم/ كاتێكی دیاری كراو هەیە بۆ ئەوەی كە دروستی دەكات و خۆپیشاندانەكەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەمە سەرەتایەكە بۆ ئەوەی لێوەی بچینە ناوەوە و تەحدیدی ئەوە بكەین ئایا ئێمە پێویست دەكات بەوەی كە لە پێناسەكاندا خۆپیشاندانی لەناكاوی تێیدا بنووسین یان نەینووسین؟ من بۆ خۆم لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو ڕەئیە بووم كە پێناسەیەك هەبێت بۆ خۆپیشاندانی لەنەكاو، بەڵام بە تێ پەڕبوونی ئەوچەند ڕۆژەی كە ڕابورد لەگەڵ ڕا وەرگرتنی پسپۆران و خەڵكانی چالاك لە بواری ڕێكخراوە ناحكومیەكان، ئەو بەڕێزانەی پێشتریش كە قسەیان كرد، من چوارچێوەیەكم نەبینیەوە بۆ ئەوەی كە پێناسەیەكی دروست بێت بۆ ئەو خۆ پیشاندانە و ئەو بنەمایانەی تێدا بێت كە پێشتر ئاماژەم پێی دا، تۆ خۆپیشاندان دەكەی تەنها لەبەرئەوە نیە كە خۆپیشاندانەكە بكەی، غەرەزێك هەیە كە خۆپیشاندان دەكەی، دواتر ئامانجێكت هەیە كە بتەوێ پێی بگەی، بۆیە ئەگەر ئێمە پێناسەیەك بكەین بۆ خۆپیشاندان دەبێ ئەم لایەنانەی تێدا بێت بۆ خۆپیشاندانی لە ناكاو بە ئامانجێكی دیاری كراو بێت، تەحدیدی بكەین ئایا ڕێكخراوە یان نیمچە ڕێكخراوە؟ جیهاتی مەعنیش ئاگادار بكەیتەوە یان مۆڵەتی لێ وەربگری بۆ ئەوەی سەلامەتی تۆ و لایەنە پەیوەندارەكەش كە تۆ لە دژی خۆپیشاندان دەكەی هەر دوو لاتان بپارێزێ، لەكاتێكی دیاری كراویش دا بێت، یەعنی تۆ ڕێت گرتووە لە خۆپیشاندانی گشتی و ئاسایی بەوەی كە لە چەند كاتێك دا ناتوانێ خۆپیشاندان بكەی، بەڵام بۆ خۆپیشاندانی لەناكاو بە كراوەیی هێشتووەتەوە، بە شەو و بە ڕۆژ، بە كاتی ئاسایی و بە كاتی نائاسایی، بە پێی ئەو پێناسەیەی كە هاتووە تۆ ڕێ ئەدەی بەوەی كە هەر جووڵەیەك بكرێت بە خۆپیشاندانی لە ناكاو دای بنێی و تەواوە، من دەڵێم ئەگەر بڕیار درا لەسەر ئەوەی كە پێناسەیەك هەبێت بە ناوی خۆپیشاندانی لەناكاوەوە دەبێ ئەو پێنج خاڵەی كە ئاماژەم پێیدا تێیدا هەبێت، ئەگەر نا لە دەرەوەی ئەوە شتێك نیە بۆ خۆپیشاندانی لەناكاو، تۆ بە پێی ئەم یاسایە ڕێ دەدەی كە خەڵك ئیلتزامی یاسا نەكا و لە دەرەوەی یاسا چالاكی بنوێنێ، ناویشی بنێی چالاكی مەدەنی و شارستانی، ئایا دەكرێت ئێمە ئەگەر خەڵكێك تەجاوز بكات لەسەر قەوانین بڵێی وەڵڵا تەعدیلی قانونەكە بكەوە لەبەرئەوەی تەجاوز هەیە، یان خەڵك مەجبور بكەی بەوەی كە مادام عام و خەڵكی گشتی پێوەی پابەند دەبێت، تۆش پێوەی پابەند بی، سەرنجی دووەمم لەسەر تەجەموعە، من تەسەور دەكەم تەجەموع پێویستی بەوە هەیە كە پێناسە بكرێتەوە، چونكە ڕاستە لێرە غەرەزەكە و وەختەكە دەست نیشان كراوە، بەڵام دەبێت بەڕوونی ئەوە دیار بێت جیاوازی چیە لە نێوان خۆپیشاندان و تەجەموع؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرمووو.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ئەم ماددەیە لە خاڵی سێیەم لە پێناسەکەی دا لە کۆتاییەکەی کە دەڵێت (لتحقیق غرض معین ولوقت معین) من پێم وایە تەواوکردنێکی تر هەیە بۆ زیاتر بەرجەستە بوونی هەدەفی خۆپیشاندان، سەبارەت بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو، من پێم وایە بەڕاستی خۆپیشاندانی لەناکاو زەرورەتێکە و واقعێکە و حەقیقەتێکە بەڕاستی ناکرێت ئەمڕۆ کە باس لەوڵاتان دەکەین لە وڵاتانی تریش هەمان خۆپیشاندان هەیە لە کاتێك و ساتێك دا کە پێویستیەك هەیە بۆ ئەم خۆپیشاندانە، چونکە بەڕاستی ڕێگرتن یان بە یاسا نەکردنی ئەم جۆرە خۆپیشاندانە وادەزانم کە بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکانە، کەبت کردنی ئازادیەکانە، بەڕاستی خۆ دوورخستنەوەیە لەو ئەسباب موجبەی کە لە جوملەی یەکەم و دووەم زۆر بە جوانی هاتووە، سەبارەت بەوەی کە تەجەموع بەڕاستی تەجەموعی گشتی من پێموایە ئەوە هەر ئەم خاڵە لابردرێت، خاڵی چوارەم، چونکە ئەم کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارانە خۆی پێناسەیەکی وای بۆ نەکراوە کە بەڕاستی بزانرێت تەجەموع هەر باسی تەبعێکی عامی ئەم کۆبوونەوانە دەکات، یەعنی بە وردی باس لەوە نەکراوە، جا ئەمانە بەڕاستی شتی بەردەوامی خەڵکن، ئەگەر بۆ هەموو ئەوشتانە ڕۆتینیاتێك هەبێت، ئەگەر بۆ هەموو ئەو شتانە ڕۆتنیاتی ئیداری بگرێتە بەرەو ئەم شتانەی تەواو بکرێ من دەزانم بەڕاستی ئەمەش دیسانەوە جارێکی تر ڕێ گرتنە لە کۆمەڵێك لەو ماف و ئازادیانەی کە لەم هەرێمەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیدایەت لە تەسمیەی قانونەکەوە بڵێین، (قانون تنظیم المظاهرات فی اقلیم کوردستان ـ العراق)، مادام تەجەموعاتی تێدا نیە یا بڵێین کۆبوونەوەی گشتی تێدا نیە، هەر وشەیەکی تەجەموعی عام هاتبێت نابێت لە یاساکەدا هەبێت لە هەموو ماددەکان، لە تەسمیەیەوە تاوەکو دەگاتە ئەسبابی موجبە، لەبەرئەوەی بۆ خۆی عەکسی قەرارەکانە، ئەوە یەك، دوو/ بە نیسبەت موزاهەرە نووسراوە (لغرض معین ولوقت معین) ئەمن دووبارەی ناکەمەوە قسەکان ئەگەر وابوو وەقتە موعەینەکە بۆ ئەوەیە بڵێ ئەوانەی موزاهەرەی دەکەن و خۆپیشاندان دەکەن بڵێین سەعات $12$ خۆپیشاندانمان هەیە $9$ یان $2$ وەلحاصل تەحدیدی کاتەکەی خۆیان بکەن، ئەوە ئیعتیادیە، بەڵام ئەگەر تەحدیدی کاتی بۆ بکەی و بڵێی وەڵڵاهی لە سەعات ئەوەندە بۆ سەعات ئەوەندە ئەو کاتژمێر $1$ ـ$3$ دەبێ زیاتر نەبێت، تەبعەن مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (کل ممنوع مرغوب) کە هەموو شتی مەمنوع مەرغوبە کە ئەتۆ مەنعت کرد لەوانەیە ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لە بۆ سەعاتێك بیکەن، بەس ئەتۆ گوتت سەعات و نیویێك بێت ئەوە ئیعتیادیە، بەڵام چونکە مەنعت کردووە ڕەد فعلێك پەیدا دەکات کە دەیکاتە دوو سەعات، هەر بە هەوەسی خۆی، ئەوە شتێکە کە ئێمە ئینسانین و ئەو غەریزەیەمان تێدا هەیە، بە نیسبەت کۆبوونەوەی گشتی باسی ناکەم لەبەر ئەوەی بە پێی تەسمیەی قانونەکەی بێ، بە نیسبەت خۆپیشاندانی لەناکاو، خۆپیشاندانی لە ناکاو زۆر باس کراو زۆریش تەبیعیە، تەبعەن خۆپیشاندانی لەناکاو دەڵێ ڕەد فعلی سەریعە، ئەمن دەڵێم ئەگەر مەنعت کرد دوو ڕەدفعلی سەریعە نەك یەك ڕەد فعلی سەریع، لەبەرئەوەی تەڵەبەیە و مامۆستایە و خوێندکارە لە جامیعەیە و لە قسمی داخلیە و خۆپیشاندانێك سەعات $12$ ی شەو دەبینی هەرایەك ڕوو دەدات، ناتوانی مەنعی بکەی، ئەوە یەك، ئەگەر ئەو

